# دروستکردنی پشێوی و کاری تێکدەرانە خزمەتی باری ئێستای کوردستان ناکات

ئەوەی تائێستا وەك گەلی کوردستان بەتەواوی پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکانەوە شانازی پێوە دەکەین و لەبەردەمی جیهان وێنەی پێکەوەژیان و برایەتی کوردستانی پێ وێنادەکەین، ئەو ئارامی و ئاسایش و سەقامگیرییەیە کە لە سایەی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیسی کوردستانەوە فەراهەمکراوە، لەمەش جوانتر ئەو تەبایی و گیانی لێبوردەییەیە کە لەناو ئەم ژینگە ئارام و سەقامگیرە ڕەنگی داوەتەوە، هەربۆیە ڕوودانی پشێوییەك پاش فەتوای مەلایەك لە ڕۆژی هەینی رابردوو لەشاری زاخۆی دەلال و، کە هەڵکوتانە سەر هەندێك شوێنی گەشتوگوزاری بە جیهاد داناوەو لە ئاکامی ئەمەش پشێوییەك دروست بووە کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هێزەکانی ئاسایش نەتوانن کۆنترۆڵی بکەن، لە ئاکامدا چەند دوکان و شوێنێکی گەشتیاری سووتێنراون و دواتریش وەك کاردانەوە، خەڵکی پەلاماری چەند بارەگایەکی یەکگرتووی ئیسلامییان داوە.

ڕووداوی لەم جۆرە ئەگەر لەشوێنێکی دیکە ئەنجامبدرایە لەوانەیە بە ئاسایی سەیر بکرایە، لەبەر ئەوەی خەڵکی یاساشکێن و توندڕۆیی ئایینی لەو شوێنانە جێگەی دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە ئەم کارە پشێویی دروست کردووەو لە قاڵبێکی بەرنامە بۆ دارێژراودایە، پەلاماردانی ئەو شوێنانە بووە کە برا کریستیانەکان و ئێزدییەکان خاوەنین، بۆیە ئەم کارە تێکدەرانەیە هەر کەس و دەستێك لە پشتیەوە بێت، هەوڵێکە بۆ تێکدانی باری ئاسایش و سەقامگیری کوردستان و هەوڵێکە بۆ تێکدانی ئەو برایەتی و پێکەوەژیانەی کە بەدرێژایی مێژوو لەنێوان پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بوونی هەبووە، هەروەها هەوڵێکە بۆ تێکدانی گیانی فرەیی حزبی و ئەو ژینگە دیموکراتیەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە و، هەوڵێکە بۆ تێکدانی ئەو بەرنامەیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو ئیقلمی و جیهانی بۆ ئایندەی کوردستان دەستی پێکردەوەو هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە نەك هەر تەنیا توندوتیژی و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بوونی نەبێت، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکەو عێراقیش سەرۆکی کوردستان لەهەوڵی ئەوەدایە گەل و نەتەوەکانی دیکە و هێز و لایەنە سیاسییەکان ڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و چارەسەری ئاشتیانە بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك هەوڵێکی تێکدەرانەی لەمجۆرە لەپڕ لە شارێکی وەك زاخۆ ڕوودەدات، ئامانجی ئەو دەستە تێکدەرانە تەنیا تێکدانی ژینگەی ئارام و سەقامگیری زاخۆ نییە، بەڵکو ئامانجە سەرەکییەکە تێکدانی کەشی ئارام و سەقامگیریی و پێکەوە ژیانی برایانەیە لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەوجا لێرەوە وەك بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش سەبارەت بەم ڕووداوە ئاماژەی پێکردووە، دەبێت ئەم ڕووداوە لە چوارچێوەی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ئەوانەشی بەرنامەیان بۆ ئەم کارە تێکدەرانەیە داناوەو بەشداربوون لەو پشێوییەدا دەبێت بەتوندی سزا بدرێن، هەروەها وەك لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا هاتوو و داوای کردووە کە بەهاوکاری هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و بەهاوکاری لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارە تێکدەرانەیە لە شوێنی خۆی ئابڵۆقە بدرێت و هەوڵبدرێت هەر لەشوێنی خۆیدا چارەسەر بکرێت و بە گیانێکی نیشتمانیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم کارە تێکدەرانەیە بکرێت، بوار نەدرێت ناحەزانی گەلەکەمان و ئەوانەی چاویان بە پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان هەڵنایەت هەوڵبدەن خراپ سوود لەم ڕووداوە وەربگرن یان لەشوێنێکی دیکە دووبارەی بکەنەوە، لەم چوارچێوەیەداو وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئاماژەی پێکردووە کە پاراستنی پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان تەنیا ئەرکی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو خەڵکی کوردستانە کە پێویستە پارێزگاری لێبکەن و بە هیچ شێوەیەك ڕێنەدەنە هیچ کەس و لایەنێك کە ئەم پێکەوە ژیانە تێك بدەن و بەهەر بەهانەیەکی جۆراوجۆریش بێت رەوشی ئارامی و سەروەری یاسا لە هەرێم پێشێل بکەن. هەروەها کە بەڕێزیان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە بەهەموو توانایەکەوە بەرگری لە ئازادی و پێکەوە ژیان و مافی هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەکات، ئەمە مانای ئەوەیە پێویستە هەموو گەلی کوردستان بە تەواوی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان و تەواوی لایەنە سیاسیەکانەوە، پشتگیری لەهەڵویستی سەرۆکی کوردستان بکەین و لەم پرسەدا هاوکاری بین بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت ڕەوشی ئارام و سەقامگیرو سەروەریی یاسا لەکوردستاندا پێشێل بکەن، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە کارە تێکدەرانەیە کە ئامانجی بکەرانی ئەوەیە سیمای جوانی کوردستان ناشرین بکات، ئەوە فەرزی دەکات لەسەرمان کە هەموومان وەك یەك بەجیاوازی ئایین و نەتەوەو بیربۆچوونی سیاسیمانەوە یەکریز و یەك هەڵوێست بەرپەرچی بدەینەوەو جارێکی دیکە بۆ جیهانی بسەلمێنینەوە، ئەوانەی بەرنامە بۆ تێکدانی ئارامی و سەقامگیری کوردستان دادەرێژن، بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا جێگەیان نابێتەوە، ئەم ئارامی و سەقامگیری و تەبایی و برایەتییەی لەکوردستاندایە پشت بەخوا هەر بەردەوام دەبێت.





((من لەکاتێکدا ئیدانەی ئەم هەموو کردەوە نامرۆڤانەو نایاساییانە دەکەم، داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم کە پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بکەنە ئامانجی سەرەکی خۆیان و ڕێز لەو پێکەوە ژیانە بگرن کە ساڵەهای ساڵە بەشێک بووە لە کەلچەری گەلی کوردستان کە ئەمڕۆ بۆتە جێی ڕێزی هەموو وڵاتانی جیهان. بۆ ڕێگەگرتنیش لە دووبارە بوونەوەی هەر کردەوەیەکی نایاسایی هاوشێوەی ڕۆژی هەینی بڕیارم دا بەپێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەو وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بەو تاوانانە هەڵساون و بە توندترین شێوەش بێنە سزادان)).

سەرۆکی کوردستان

# دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات


# بە پێی ڕێککەوتنی ستراتیژی ڕێککەوتنەکە دەکاتە چوارچێوەیەک بۆ کامڵبوونی دیموکراتی





(( لەباری واقیعدا دوو شێوازی دەوڵەت هەیە، یەکەمیان ئەوەیە دەتوانرێت حکومەت بگۆڕێت بەبێ ئەنجامدانی توندوتیژی و بەڕێگەی دەنگدان، بەڵام شێوەی دووەمیان هەرگیز بەبێ ئەنجامدانی توندوتیژی و بەڕێگەی دەنگدانی خەڵك حکومەتی تیا ناگۆڕێت، کەواتە ئەمە پێمان دەڵێت مەسەلەی سەرەکی ئەوە نییە چ ناوێك لەو دەوڵەتە دەنێین، هەر بۆنموونە ئێمە وا ڕاهاتووین بەشێوازی یەکەمیان دەڵێین(دەوڵەتی دیموکراتی ) و بەشێوازی دووەمیان دەڵێین (دیکتاتۆری یان خۆسەپێن)، بەڵام کێشەی ئێمە لەگەڵ ناوەکان نییە، بەڵکو مەسەلەی یەکلاکەرەوە ئەوەیە چۆن حکومەت بەبێ خوێن ڕشتن و توندوتیژی دەگۆڕێت.

لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە تادەگاتە مارکس، ئەو پرسیارە دەکرێت دەبێت کێ حاکم بێت؟ ئایا گەل یان دەستەبژێرێکی کەمینە؟ کرێکاران یان سەرمایەداران؟ زۆرینە یان کەمینە؟ پارتی چەپ یان ڕاست یان میانڕۆ؟ من وای دەبینم هەموو ئەم پرسیارانە بەشێوەی هەڵەکراون، لەبەر ئەوەی مەسەلەکە ئەوەنییە کێ حکومڕانی دەکات، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە چۆن حکومڕانی دەکرێت، ئەوجا ئەگەر لەکۆمەڵگەیەکدا توانای ئەوە هەبێت بەبێ توندوتیژی و خوێن ڕشتن ئەو حکومەتە بگۆڕدرێت و، حکومەتیش بتوانرێت بەئاسانی بگۆڕدرێت، ئەوا حکومەت خۆی هەوڵی ئەوەدات کە ئەو ڕێگەیە بگرێت کە خەڵك لێی ڕازی بێت.. ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەین خۆمان حکومڕانی پیادە نەکەین، بەڵام تاڕادەیەك بەرپرسین لەحکومەت، ئەم بەرپرسیاریەتیە بەکۆمەڵەش پێویستی بەدابینکردنی ئازادییەکان هەیە وەك (ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی گەیشتن بەسەرچاوەی زانیارییەکان و دەسکەوتنیان، ئازادی بڵاوکردنەوەو هەموو ئازادییەکانی دیکە) ئێمە پێویستمان بەم ئازادیانەیە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەین دەسەڵات خراپ بەکاربهێنرێت، هەروەها لەدەوڵەتیش داوادەکەین کە ڕێگە نەدات ئازادییەکان خراپ بەکاربهێنرین.))



کارل پۆپەر

قسەکردن لەسەر دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، وەك یەكێك لەسیما دیارەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، یەكێكە لەدیاردە گرنگەکان و ئاماژەیە بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراتی لەو وڵاتە هەنگاو بەرەو کامڵبوون و ڕەگ داکوتان هەڵدەگرێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك باس لەپرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان دەکەین، بەتایبەتی کە دەنگوباسێکی گەرم هەیە لەسەرەتای مانگی دادێ ئەم پرۆسەیە لەکوردستان بەڕێوە بچێت، هێندەی مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر خودی پرۆسەی دەستاو دەستکردنەکەیە، کە ڕاهاتن لەسەر ئەم پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی سوودی خۆی هەیە، هێندە هەڵوەستەکردن نییە لەسەر ئەوەی لەم گۆڕانکارییەدا کێ لادەچێت و کێ دەچێتە شوێنی، لایەنێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتە جەختکردنەوەیە لەسەر گرنگی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی کە لەماوەی ٦ ساڵی ڕابردوو لەنێوان پارتی و یەكێتی بۆ ئەم مەبەستە ئیمزاکراوە و

**سەرکەوتنی کابینەی پێنجەم چەند سەرکەوتنی پارتی بێت ئەوەندەش هی یەكێتییە و کابینەی شەشەمیش بەهەمان شێوەیە**

بەجێبەجێکردنی ئەم خولەی دەستاو دەستکردنی سەرۆکایەتی حکومەت، ڕێککەوتنەکە دەگاتە دوا وێستگەی سەرکەوتنی خۆی و وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگانەی هاتنە ڕێی ئەم ڕێککەوتنە، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە توانی ئەرکە هەنووکەییەکانی قۆناخی خۆی بەدی بێنێت و ببێتە زەمینەیەك بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ داهاتوو، کە بەپێی بۆچوونی زۆربەی چاودێران و پسپۆڕانی سیاسیی لەسەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان، قۆناخی داهاتووی پرۆسەی حکومڕانی یان هەڵبژاردنی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناخێکی دیکە و پرۆسە دیموکراتیەکە خۆی دەبێتە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی نێوان تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشیانەی دەسەڵات لەکوردستان بچێتە سەر سکەی خۆی و هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگیانی تەبایی و برایەتیەوە ئاکامی سندوقەکانی دەنگدان قبوڵ بکەن و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاکامەش حکومەت پێکبهێنرێت و حکومڕان و ئۆپۆزسیۆن پێکەوە کار بکەن و هەوڵبدەن خزمەتی خەڵك و گەلی خۆیان بکەن. بۆیە گرنگە لێرەدا هەڵوەستە لەسەر گرنگی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە بکەین کە توانی بۆ ماوەی ٨ ساڵ ئەم پرۆسە ئاڵۆزە بخاتە سەر سکەی خۆی، کە ئێستا لەدووساڵی کۆتایی ئەم پرۆسەیە هێماکانی سەرکەوتن دەبینین.

### دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بۆ زیاتر جومگەبەندی هەیکەلی حکومڕانی لەکوردستاندا

گەڕانەوە بۆ سەرەتای ڕێککەوتن لەسەر یەکگرتنەوەی ئیدارە لەچوارچێوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەڕانەوە نییە بۆ ڕابردوو، بەڵکو ئاوەڕدانەوەیە بۆ ڕابردوو بۆ ئەوەی قۆناخی ئێستاش تێبپەڕێنین و سوود لە ئەزموونەکانی وەربگرین، ئەو ئەزموونانەی ئەم ڕێککەوتنە فێرمان دەکات ئەوەیە، کە هەردوو سەرۆك بارزانی و تاڵەبانی و ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزب، دەیانزانی ئەم پرۆسەیە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بەوەیە هەنگاوی جددی بۆ هەڵبگیرێت، لەمەش گرنگتر ئەوەشیان لەبەر چاو گرتبوو کە دەبێت ئەمجارە لەگەڵ یەکتری کراوەتر و پشوو درێژتر بن و، هەروەها بنەمای ڕێککەوتنەکە لەو گۆڕانکاری و تەحدیانە دەبێت گرنگتر بێت کە ڕووبەرووی هەردوولا لەم قۆناخە دەبێتەوە، ئەم نییەت و ئیرادەیە وایکرد کابینەی پێنجەم وەك بناخەیەکی پتەو زەمینەی بۆ لەدایك بوونی کابینەی شەشەم خۆشکرد، مەبەست لەم زەمینە خۆشکردنەش ئەوەیە کە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێندەی ئامانج و ئەولەویەتی ئەوەبوو کە ببێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی پارتی و یەكێتی بتوانن پێکەوە حکومڕانی بکەن، هێندە ئامانجی ئەوە نەبوو کە حکومڕانی بۆ بەرژەوەندی سیاسی حزبی بەکار بهێنێت، هەروەها مەبەست ئەوەبوو ئەم کابینەیە ببێتە بناخەیەك بۆئەوەی بتوانین پرۆسەی دیموکراتی لەسەر ڕاست بکرێتەوە و ئاییندەی تێدا ببینین. بۆیە لەپێناوی دروستکردنی ئەم بنەما پتەوە، پێکهێنانی کابینەی پێنجەم بڕیارێکی هاوبەشی سیاسیی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و

**ڕێککەوتنی ستراتیژی توانی ئەرکە هەنوکەییەکانی قۆناخی خۆی بەدی بێنێت و ببێتە زەمینەیەك بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو داهاتوو**

**کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێندەی ئامانج و ئەولەویەتی ئەوەبوو کە ببێتە سەرەتایەك بۆ ئەوەی پارتی و یەكێتی بتوانن پێکەوە حکومڕانی بکەن. هێندە ئامانجی ئەوە نەبوو کە حکومڕانی بۆ بەرژەوەندی سیاسی حزبی بەکار بهێنێت**

یەكێتی بوو، ئەم بڕیارە لەگەڵ ئەوەی زۆر بەهەستیاری، هاوسەنگی هەردوولای پارتی و یەكێتی لەبەر چاو گرتبوو، لەهەمانکاتدا جۆرێك لەرازیکردن و بەشداری فراوانی زۆربەی سەرکردایەتی هەردوو حزبی لەخۆی گرتبوو، هەروەها هەوڵیش درابوو حکومەتەکە بنکەیەکی فراوانی هەبێت و زۆربەی حزبە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لەخۆی بگرێت.

ئەم بارودۆخە ئەگەر وەك خۆی بهێنرێتەوە بەرچاو، دەبینین ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی پێنجەم بارودۆخێکی هێنابووە پێشەوە کە چاودێری سیاسیی زیرەك لەبری ئەوەی گەشبین بێت بەئاییندەی ئەم کابینەیە، دەبوو ڕەشبین بێت بەئاییندەکەی. ئەگەر سەیری پێکهاتەی کابینەی پێنجەم بکەین کە لە٤٢ وەزیر پێکهاتبوو، لەهەمانکاتدا کۆمەڵێك دەزگا و وەزارەتی گرنگیش هەر لەچوارچێوەی دوو ئیدارەیی مابوونەوە وەك وەزارەتەکانی (دارایی، ناوخۆ، پێشمەرگە) ئەمانە حاڵەتێکی سەیری هێنابووە پێشەوە چۆن بەم پێکهاتەیە و لەو بارودۆخە هەستیارە ئەم کابینەیە سەرکەتوو دەبێت؟

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و ئاماژەی پێبکرێت، زیرەکی و لێهاتوویی هەردوو سەرۆك (سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی) لەو خاڵەدا بوو، کە هەردووکیان هاودەنگ بوون لەسەر ئەو کاندیدەی بۆ ئەم ئەرکە قورس و مێژووییە دەستنیشانکردبوو، کەواتە خاڵی گەشبینی لەم پرۆسەیەدا کاندیدی هەڵبژێردراو پەسەندکراوی هەردوو سەرۆك بوو، کە ئومێدی ئەوەی لێدەکرا شان بداتە بەر ئەو ئەرکە گرنگە و توانای ئەوەی هەبێت قوربانی بەبەرژەوەندی حزبی بدات بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسە نیشتمانییە، ئەم کەسەش کە هەردوو سەرۆك دەستنیشانیان کردبوو بۆ ئەم ئەرکە بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) بوو، بەڵام نێچیرڤان بارزانیش کە ئەرکەکەی

خرایە سەرشان دوو خاڵی زۆر گرنگی لەبەر چاو گرتبوو:

١- دەیزانی دروستکردنی ژێرخانێکی هاوبەش بۆ ئەوەی کادرانی پارتی و یەکێتی بتوانن پێکەوە کاری تێدا بکەن کارێکی ئاسان نییە، بۆیە لەیەکەم لێدوانیدا زۆر بوێرانە ئاماژەی بەوەکرد بێجگە لەجیاوازی ناوەکانیان وەک دوو حزبی سیاسیی، هیچ جیاوازییەك لەنێوان پارتی و یەکێتیدا نییەو، هەردوو حزب یەك ئامانجیان هەیە و لەم قۆناخە مێژووییەدا بەرپرسیاریەتییەکی هاوبەش کەوتۆتە سەر شانیان و دەبێت بەرپرسیارانە هەردوو حزب شانی بدەنە بەر.

٢- نێچیرڤان بارزانی زۆر باش دەیزانی سەرکەوتنی ئەم پرۆسە نیشتمانییە و پێکەوە کارکردنی پارتی و یەکێتی بەسەرکەوتوویی، دەکەوێتە بەردەم کاردانەوەی سلبی ئیقلیمی و دوژمنانی گەلی کوردستان لەسەرانسەری جیهاندا، ئەو دەیزانی لەوانەیە لەم قۆناخە نەتوانن بەهێزی سەربازی ئەم ئەزموونە هەڵبوەشێننەوە، بەڵام بەچەندین ڕێگەی دیکە دەتوانن ئەزموونەکە لەبەرچاوی جیهان ناشرین بکەن.

٣- نێچیرڤان بارزانی دەیزانی ئەو لەقۆناخێکدا سەرۆکایەتی کابینەی پێنجەم وەردەگرێت، کە دەسپێکی فیعلی قۆناخی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی کوردستانە، ئەو دەیزانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هەموو پرۆسەکانی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی وڵاتانی جیهان جیاوازی هەیە، ڕاستە ئەزموونی وڵاتانی دوای شەڕ و دوای قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی هەیە، بەڵام کوردستان تەنیا وڵاتی دوای شەڕ و وڵاتی دوای قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی نەبوو، بەڵکو هەم وڵاتی دوای شەڕ و هەم وڵاتی دوای قۆناخی ڕزگاری نیشتمانی و، لەهەمانکاتدا وڵاتێکی پشتگوێخراوی بەدەستی ئەنقەست کاولکراو بوو، لەساڵی ٢٠٠٥ کاتێك کابینەی پێنجەم پێکهات، ماوەی ٢٥ ساڵ بوو هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری ستراتیژی لەکوردستان جێبەجێ نەکرابوو، بۆیە ئەو دەیزانی بونیادنانەوەی وڵاتێکی لەمجۆرە پێویستی بەسەرچاوەیەکی گەورەی سەرمایەی ماددی و سەرمایەی مرۆیی هەیە، کە ئەم سەرمایە گەورەیەش لەو کاتە لەکوردستان بوونی نەبوو،

**بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەموو پرۆسەکانی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی وڵاتانی جیهان جیاوازی هەیە**

**نێچیرڤان بارزانی زۆر باش دەیزانی سەرکەوتنی ئەم پرۆسە نیشتمانییە و پێکەوە کارکردنی پارتی و یەکێتی بەسەرکەوتوویی، دەکەوێتە بەردەم کاردانەوەی سلبی ئیقلیمی و دوژمنانی گەلی کوردستان لەسەرانسەری جیهاندا**

بۆیە بەرنامەی دانا، ئەم دوو سەرمایە گەورەیە لەکوردستاندا بونیاد بنێت بەم شێوەیە:

أ- بۆ بونیادی سەرمایەی مرۆیی نێچیرڤان بارزانی دەستی کرد بەناردنی کادرە تەکنۆکراتەکانی بۆ خولەکانی مەشق و ڕاهێنان لەدەرەوەی وڵات، بەڵام (خولی بەپەلە) هەروەها ئەوانەی خولی ڕاهێنانیان لەدەرەوە تەواو کردبوو بوونە ڕاهێنەر بۆ کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنانی زیاتر لەناوەوەی کوردستان، ئەم هەنگاوە لەکابینەی شەشەمدا وەك بەرنامەی لیستی کوردستانی بووە بەرنامەی تواناسازی.

ب- بۆ بونیادی سەرمایەی ماددی زیادکردنی داهاتی کوردستان لەبودجەی عێراقدا، نێچیرڤان بارزانی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت و گازی کوردستانی دەست پێکرد و هەر لەکابینەی پێنجەمدا نەوت و گازی کوردستان هەناردەی دەرەوەی وڵات کراو کوردستان خرایە سەر نەخشەی وزەی جیهانی، ئەمەش وەرچەرخانێك بوو کە بەدرێژایی مێژوو کورد نەیتوانی ببێتە خاوەنی سەرچاوەیەکی دارایی کە پێشتر لەبەردەستی نەبووە، ڕاستە داهاتی ئەم سەرچاوەیە تێکەڵی کۆی داهاتەکانی عێراق دەکرێت، بەڵام پرۆژەکانی نەوت و گازی هەرێم لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێن و حکومەتی کوردستان دەسەڵاتی دەستووری خۆی بۆ گرێدانی کۆنتراکت لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان پیادەکرد و کردی بەئەمری واقیع.

بۆیە وەك لەماوەی چوارساڵی کابینەی پێنجەم بینیمان، کۆمەڵێك تەحددی گەورە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ڕووبەڕووی ئەم کابینەیە بۆوە، لەمەش زیاتر هەم هەڕەشەی سەربازی ئیقلیمی هاتە گۆڕێ و هەمیش هەوڵدان بۆ ناشرینکردنی ئەم حکومەتە بەقەڵەمی چەند کەسێك لەسەر ئاستی جیهان درا، بەڵام مامەڵەی کابینەی پێنجەم لەگەڵ هەموو ئەو تەحددیانەی هاتە ڕێی، ئەوەبوو تەواوی هاوکێشەی تەحەددییەکانی بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان و دۆزی کورد لەناوچەکەدا گۆڕی، لەهەمووان گرنگتر ئەوەبوو کۆماری تورکیا بەرەسمی هەرێمی کوردستانی وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی عێراق ناساند و کونسوڵخانەی خۆی لەهەولێر کردەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو قەڵەمە بەکرێگیراوانەشی هەوڵیاندەدا ڕووی ئەزموونەکە ناشرین بکات، بێجگە لەوەی لەماوەی کابینەی پێنجەم نزیکەی ٢٠ دەوڵەت کە چواریان ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش بوون کونسوڵخانەی خۆیان بەفەرمی لەهەولێر کردەوە، لەهەمان کاتدا زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، داوایان کرد بارەگای خۆیان لەعەممانەوە بگوازنەوە بۆ هەولێر، لەسەر ئاستی ناوخۆش بەتایبەتی پەیوەندی پارتی و یەکێتی چووە قۆناخێکی دیکە و، لەکابینەی شەشەمدا بێجگە لەوەی ژمارەی وەزارەتەکان بەڕێژەی نزیکەی لە٪٥٠ کەمکرایەوە لەهەمانکاتدا ئازادییەکەیش بەسەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی درابوو کە بتوانن ڕای خۆیان لەسەر کاندیدکراوەکانی پۆستە وەزارییەکان بڵێن، لەمەش گرنگتر بەجۆرێك

**بەکارهێنانی دەستەواژەی کابینەی پێنجەم یان کابینەی شەشەم، بۆ بەراوردکاریی نییە، چونکە بەکردەیی حکومەتی هاوبەشی پارتی و یەکێتی و لایەنە سیاسییەکانی دیکە بووە**

زەمینەی بۆ یەکگرتنەوەی وەزارەتەکانی دیکەش خۆشکردبوو، بەچەند مانگێك پێش هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩، وەزارەتی دارایی تەنیا یەك وەزیر کاروباری هەردوو وەزارەتەکەی بەڕێوە دەبرد، ئەو وەزیرەش ئێستا وەزیری دارایی و ئابووری کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

### کابینەی پێنجەم بنەمای دروستکرد ئەرکەکانی تەواو نەکرد

بەکارهێنانی دەستەواژەی کابینەی پێنجەم یان کابینەی شەشەم، بۆ بەراوردکاریی نییە، لەبەر ئەوەی هەردوو کابینەکە وێڕای ئەوەی لەهەردوو کابینەکە حزب و لایەنی سیاسی دیکە تیایدا بەشدار بوون، بەڵام بەکردەیی و لەباری واقیعدا حکومەتی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بووە و ڕۆڵی سەرەکی لەهەردووو کابینەکەدا لەئەستۆی هەردووولادا بووە، بۆیە سەرکەوتنی کابینەی پێنجەم چەند سەرکەوتنی پارتی بێت ئەوەندەش هی یەکێتییە و کابینەی

شێوەیە، هەروەها کەموکورتی و ڕەخنەکانی هەردوو کابینەکەش چەند ڕووبەڕووی پارتی دەبێتەوە بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی یەکێتیش دەبێتەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کە باسی قۆناخە سەختەکانی کابینەی پێنجەم دەکەین، ئاماژە بەئیرادەی پارتی و یەکێتی دەکەین کە توانیان ئەو قۆناخە ناسك و سەختە تێبپەڕێنن و لەهەمانکاتدا ئاماژە بەڕاستیەك دەکەین، ئەگەر کابینەی پێنجەم سەرکەتوو نەبوایە کابینەی شەشەم دروست نەدەبوو، هۆکاری لەبار و واقیعیش هەبوون کە هەوڵیاندەدا ڕێککەوتنی ستراتیژی لەبار بەرن، وێڕای هەموو ئەمانەش بەشێکی گرنگی سەرکەوتنی کابینەی پێنجەم بۆ شەخسی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەگەڕێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی تێڕوانینێکی قوڵی ستراتیژی وەك دەوڵەتمەدارێك لەکابینەی پێنجەم داڕشت کە دوای کابینەی پێنجەم، کابینەکانی دیکە ئەرکەکانی تەواو بکەن، بۆیە ئەگەر لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین، ئایا کاتێك نێچیرڤان بارزانی دەستی بەو جۆرە

**ئەزموونی حکومڕانی باش و بونیادنانەوەی نەتەوە بەرهەمی فیکری لۆکاڵی خۆمانە و سەرکردەیەکی لێهاتووی وەك نێچیرڤان بارزانی نەخشەی ڕێگەی بۆ داڕشتووە**

پرۆسیە کرد نەیدەزانی لەماوەی کابینەکەیدا ئەرکەکانی تەواو نابێت؟ ئایا نەیدەزانی ئەو لەو کابینەیەدا تەنیا بنەماو ژێرخانی حکومڕانی پێ دروست دەکرێت؟ ئایا نەیدەزانی ئیلتزامی حکومەتی دیموکراتی دروستکردنی بنەما نییە بۆ بونیادنانەوە، بەڵکو بینای بونیادنانەوەیە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە لەهەڵوێست و چۆنییەتی کارکردنی نێچیرڤان بارزانیدا ڕەنگیدابۆوە، بەوەی ئامانجی نێچیرڤان بارزانی ئاییندەی دیموکراتی و حکومڕانی باشە، نەك سندوقی دەنگدان، بەواتایەکی دیکە نێچیرڤان بارزانی سندوقی دەنگدانی لەبەرچاوی خۆی لابرد بۆئەوەی سندوقی دەنگدان نەبێتە هۆکارێك نەتوانێت ئایینده ببینێت، ئەم تایبەتمەندیەی نێچیرڤان بارزانی لەئەزموونی حکومڕانی کوردستاندا، ئەزموونێکی بێ وێنەیە و دەکرێت وەك ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ئەو وڵاتانەی لەدەسپێکی قۆناخی بونیادنانەوەن پیادەیان کردووە نەوەکانی داهاتوو سوودی لێوەربگرن، بزانن ئەزموونی حکومڕانی باش و بونیادنانەوەی

**پارتی لەڕووی جەماوەرییەوە بەهێزترین حزبی جەماوەرییە و یەکێتی نیشتمانیش کە دەنگەکانی دابەش بووە لەگەڵ گۆڕاندا، هێشتا پێکەوە لەگەڵ گۆڕان بەهێزترین حزبی جەماوەرییە**

نەتەوە بەرهەمی فیکری لۆکاڵی خۆمانە و سەرکردەیەکی لێهاتووی وەك نێچیرڤان بارزانی نەخشەی ڕێگەی بۆ داڕشتووە.

### دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیدا

ئەزموونی بونیادی دیموکراتی یەك شێواز نییە، بەڵکو هەموو وڵاتێك ئەزموونێکی تایبەتی خۆی هەیە و هەر تایبەتمەندی ئەو وڵاتەش شێوازی بونیادی دیموکراتی دیاری دەکات، بەڵام خاڵی هەرە گرنگ لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی، پێناسەکردنی بونیادی دیموکراتیە بۆ وڵاتێکی دیاریکراو و لەسەردەمێکی دیاریکراودا، لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵە گرنگە، زۆر پرۆسەی بونیادی دیموکراتی سەرخستووە و فەرامۆشکردنیشی نەك پرۆسە دیموکراتیەکانی دووچاری شکست کردووە، بەڵکو دیدی دیموکراتی ڕۆژئاواشی بۆ زۆر پرۆسەی دیموکراتی بێئومێد کردووە، لەم چوارچێوەدا ئەگەر لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە سەیری پرۆسەکانی دیموکراتی لەوڵاتانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بکەین، شێوازێکی بەراوردکاری بۆ چۆنییەتی دەسپێکی پرۆسەکە بکەین، دەبینین ڕاستە پرۆسەکە لەیەك خاڵەوە دەستی پێکردووە، بەڵام بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەکە بەئاراستەی هێڵێکی ڕاست و تەریب نەبووە، هەر بۆنموونە لەپێنج ساڵی یەکەم تەنیا هەرسێ وڵاتی (پۆڵەندا و سلۆڤینیا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات) لەپرۆسەکە سەرکەتوو بوون، بەڵام بولگاریا و کرواتیا و

**پارتی و یەکێتی توانیوویان لەم قۆناخە وەك ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆیان، قۆناخێکی هەستیار بەڕێوەبەرن و بتوانن خۆیان لەسەر دەستاو دەستکردنی دەسەڵات ڕابهێنن**

ڕۆمانیا و سلۆفاکیا لەدوای ساڵی ١٩٩٤ و بەهۆی سەرنجڕاکێشانیان بۆ ئەندامبوون لەیەکێتی ئەورووپا هەنگاوی سەرکەوتنیان هەڵگرت، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٠ سربیەکان توانیان میلۆسۆڤیچ دوور بخەنەوە، لە٢٠٠٣ جۆرجیەکان توانیان شیفەر نادزە بگۆڕن، بەڵام هێشتا لەکۆمەڵێك وڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان نەتوانراوە هەنگاوی دروست بەئاڕاستەی بونیادی دیموکراتی هەڵبگرن، هەر بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیە بپرسین ئایا مەبەست لەبونیادی دیموکراتی چییە؟ نەك دیموکراتی چییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێمان دەڵێت، هەتا دوای نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، پرسیاری ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی ئەوەبوو، دیموکراتی چییە؟ نەك بونیادی دیموکراتی چییە؟ فەرید زەکەریا لەکتێبی (ئاییندەی ئازادی) ئاماژە بەهەڵبژاردنەکانی بۆسنە دەکات، کە چۆن هەڵبژاردنەکانی بۆسنە ڕیچارد هۆلبرۆکی گەیاندە قەناعەت، کە ئەم هەڵبژاردنە نەك

**ئەزموونی بونیادی دیموکراتی یەك شێواز نییە. بەڵکو هەموو وڵاتێك ئەزموونێکی تایبەتی خۆی هەیە و هەر تایبەتمەندی ئەو وڵاتەش شێوازی بونیادی دیموکراتی دیاری دەکات**

دیموکراتی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو دابەشبوونی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت، هەر ئەم ڕووداوەش فەرید زەکەریای هاندا توێژینەوە گرنگەکەی لەساڵی ١٩٩٧ بەناونیشانی (لیبرال دیموکراتی و ئیللیبرال دیموکراتی) لەگۆڤاری فۆرن ئەفێرز بڵاو بکاتەوە و ڕایبگەیەنێت، بونیادی دیموکراتی پێویستی بەدەستوورێکی مەدەنی لیبرالی هەیە، لەوڵاتێکدا لیبرالیەت بنەمای نەبێت دیموکراتی لیبرالی بونیاد نانرێت، هەر پاشانیش ئەم دیراسەتەی کردە کتێبێك و لەساڵی ٢٠٠٣ بەناوی (ئاییندەی ئازادی) بڵاویکردەوە، زەکەریا ئەو بیرمەندە لاوە بوو، کە زوو هەستی بەوەکرد بنەماکانی لیبرالیزم بوونی نەبێت، هەڵبژاردنی پاك و بێگەرد دیموکراتی بەرهەم ناهێنێت، لێرەوە ئەگەر سەیری هەڵبژاردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین و کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین هەتا هاتنی محەمەد خاتەمی، دەبینین هەردوو هەڵبژاردنەکە لەسەر ئاستی ناوچەکە دوو هەڵبژاردنی نموونەیی بوون، بەڵام هیچ کام لەو

دوو هەڵبژاردنە دیموکراتی بەرهەم نەهێناوە، ئەم واقیعە ئاراستەی بیرکردنەوەی تۆژەر و پسپۆران و بیرمەندانـــی بەرەو ئەوە گۆڕی پرســـیاری دیموکراتی چییـــە؟ وەڵامی تەواوی قۆناخی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین کە ناویان نابوو کۆتایی مێـــژوو ناداتەوە، بۆیە پێویســـتە ئەم پرســـیارە بگۆڕێت بەوەی بونیادی دیموکراتی چییـــە، یان چـــۆن دیموکراتی لەشـــوێنێکی دیاریکراو و لەســـەردەمێکی دیاریکراودا بونیاد دەنرێت؟ هـــۆکاری ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە لەئاســـتی بونیادی دیموکراتی لەپرۆسەکانی بونیادی دیموکراتی وڵاتانی پۆست کۆمونیست

ئەمەش بەوەی ئـــەم ڕێککەوتنە داهێنراوێکی پارتی و یەکێتییە بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات و ڕێگرتن لەدەستاو دەستی ئاشتیانە، ئەوە لێرەدا بەچەند خاڵێك ئەم لایەنە دەخەینەڕوو:


١- ئەگەر جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان وەك جیابوونەوە و لێکترازان ســـەیر بکەین، نەك دروســـتبوونی حزبێکی تازە وەك پێداویســـتی ئێســـتای کۆمەڵگەی کوردســـتان، هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ســـەرەتای ئیمزاکردنی ئـــەم ڕێککەوتنە، ئەوە لەبەرچـــاو بگرین کە لەکاتی ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنە بزووتنەوەی گۆڕان نەبووە و ئەندامانی ئەم حزبەش بەشێك لەم قۆناخـــە وەك ئیســـتحقاقی هەڵبژاردنی خۆیـــان، قۆناخێکی هەســـتیار بەڕێوەبەرن و بتوانن خۆیان لەســـەر دەســـتاو دەســـتکردنی دەســـەڵات ڕابهێنن. ئەمەش نەك نەبۆتە هۆی قۆرخکردنی دەســـەڵات، بەڵکو بۆتە هۆکارێك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات.

٢- لەهەڵبژاردنەکانی تەمموزی ٢٠٠٩ کە بزووتنەوەی گۆڕان ٢٥ کورسی بەدەست هێناوە، ئەگـــەر ئەم ڕێژەیە لەگەڵ ڕێژەی دەنگەکانی پارتی و یەکێتی لەســـاڵی ٢٠٠٩ کۆبکەینەوە دەبینین، نزیکەی هەمان ڕێژەی ئەو دەنگانەیە کـــە پارتی و یەکێتی لە٢٠٠٥ هێناویانە، بۆیە



دەیانبینین، کە ئەو جیاوازیانە پێمان دەڵێن کێڕڤی بنەماکانی لیبرالیزم لەهەر وڵاتێکدا چەندە.

لەم چوارچێوەیەدا کەســـەیری پرۆســـەی بونیادی دیموکراتـــی لەوڵاتی خۆمان دەکەین و لەناو ئەم پرۆسەیەشـــدا سەیری ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی دەکەین، وەك هۆکارێـــك بۆ کامڵبوونی دیموکراتی و ڕاهاتن لەسەر دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستان دەبینەوە، زۆر ڕووبەڕووی ئەو پرســـیارە دەبینەوە لەلایەن ئەو کەســـانەی ڕەخنـــە لەڕێککەوتنەکە دەگرن یان بەهۆکارێك بۆ شکســـتی دیموکراتی لەقەڵەمـــی دەدەن، بوون لەیەکێتی، ئەوە دەگەینە ئەو ڕاســـتیەی کـــە واقیعی کوردســـتان پێمـــان دەڵێت، هەتا ماوەیەکی دیکەش لەکوردستان حزبێکی دیکە وەك پێداویســـتی کۆمەڵگە دروست نابێت کە ڕکەباری پارتی و یەکێتی بکات بۆ وەرگرتنی دەســـەڵات. هەربۆیە لەبەر ئەوەی دەســـەڵات یان حکومڕانی بەشـــێوەیەکی سەرەکی لەنێوان پارتـــی و یەکێتی بووە و لایەنی دیکە لەکاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتـــی بوونی نەبـــووە و پارتی و یەکێتی بەتەنیـــا ڕێژەی ســـەروو ٪٨٠ی دەنگەکانیان هێناوە، ئەوە کارێکی باشیان کردووە، توانیوویان ئەگەر هەندێك پێیانوایە ئەم دابەزینە، دابەزینی متمانـــەی خەڵکە بەپارتـــی و یەکێتی، ئەوا ئاکامـــی هەڵبژاردنەکانی ٧ی مارتی ٢٠١٠ کە لەگـــەڵ هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ٢٠٠٩ تەنیا چەند مانگێـــك جیاوازی هەیە، دەبینین بەئاشـــکرا دیارە، لایەنی پارتی ئەگەر ڕێژەی دەنگەکانی زیادی نەکردبێت کەمی نەکردووە، بەهەمان شـــێوە یەکێتـــی و گۆڕانیش پێکەوە، بۆیە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ دیســـان ئەو ڕاستیە دووپات دەکاتەوە، کە بەپلەی یەکەم پارتی لەڕووی جەماوەرییەوە بەهێزترین حزبی جەماوەرییە و یەکێتی نیشتمانیش کە




دەنگەکانی دابەش بـــووە لەگەڵ گۆڕاندا، هێشتا پێکەوە لەگەڵ گۆڕان بەهێزترین حزبی جەماوەرییـــە خەڵك متمانـــەی بەیەکێتی لەق نەبووە، بەڵام لەناو یەکێتـــدا لێکترازان هەبووە و دەنگەکان دابەش بوون ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە.

ئەم دوو خاڵەی ئاماژەمان پێکردن، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە هێشتا بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە و متمانەی خەڵکی کوردســـتان بۆ ئەم قۆناخە لەســـەر پارتی و یەکێتییە، بەتایبەتیش وێڕای هەمـــوو تەحددییـــە ناوخـــۆی و دەرەکیەکان، ســـەرکەوتنی ڕێککەوتنی ســـتراتیژی لەسەر دەســـتی پارتـــی و یەکێتی، بێجگـــە لەوەی پرۆسەی سیاسی و بونیادی دیموکراتی بردۆتە قۆناخێکی کامڵتر، لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی ڕەخساندووە، کە پرۆســـەی دیموکراتی خۆی ببێتـــە ڕێککەوتنێکـــی ســـتراتیژی لەنێوان ســـەرجەم لایەنە سیاســـییەکان و تەواو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردســـتاندا، کەواتە لێرەوە ئەگەر بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لەساڵی ٢٠١٤ یان لەهەڵبژاردنی پارێزگاکاندا، شـــێوازی ئەم ڕێککەوتنە لەدابەزین بەلیســـتی هاوبەشـــەوە بگۆڕێت، بـــۆ هاوپەیمانی دوای پرۆســـەی هەڵبـــژاردن، ئەمـــە دیســـان مانـــای ئەوەیە

## بونیادی دیموکراتی پێویستی بەدەستوورێکی مەدەنی لیبرالی هەیە، لەوڵاتێکدا لیبرالیەت بنەمای نەبێت دیموکراتی لیبرالی بونیاد نانرێت

کەلتووری دیموکراتی و یەکتری قبوڵکردن گەشەی کردووە، ئەمەش بەرهەمێکی دیکەی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتییە، هەربۆیە لەهەموو بارێکدا، ڕێککەوتنی ستراتیژی ئەو هۆشیارییەی لەناو کۆمەڵگەی کوردستان دروستکرد، کە حکومڕانی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بەتەنیا ناکرێت و دەبێت پێکەوە هاوپەیمان بین و پێکەوە کار بکەین، هەتا ئەگەر لەهەڵبژاردنەکانیشدا بەجیا دابەزین، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کاتێك سەرکەوتنی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، پرۆسە دیموکراتیەکە دەگۆڕێت بۆ ڕێککەوتنێکی ستراتیژی دیموکراتیانە و بنەماکانی دیموکراتی دەکاتە خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە، ئایا کەس دەتوانێت دژی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە ڕابوەستێت و بەخاڵەکانییەوە پابەند نەبێت، ئەمەش دیوێکی دیکەی فراوانبوونی ڕێککەوتنی ستراتیژی و سەرکەوتنی ڕێککەوتنی ستراتیژییە.

### سوودەکانی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانە بۆ کامڵبوونی دیموکراتی

لەسیستمی دیموکراتیدا، حکومڕانی چەند سەرکەتوو بێت، حکومڕانییەکی کاتییە، ئەمەش سیمای دیموکراتیە کە بوار نادات لەماوەیەکی دیاریکراو زیاتر، کەس لەدەسەڵاتدا بێت، هەربۆیە هەتا ئەگەر بەرنامەی حزبەکەش بۆ حکومڕانی سەرکەتوو بێت، دیموکراتی ناچارمان دەکات دەموچاوەکان و کەسەکان بگۆڕین، هۆکاری سادە بۆ ئەم گۆڕانکارییە بەردەوامی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە، بەواتایەکی دیکە بوونی کێبڕکێ لەبری ئەوەی تەنیا لەماوەی چوارساڵدا تەنیا مانگێگ هەڵمەتی هەڵبژاردن بێت، میکانیزمی کێبڕکێ لەناو سیستمەکە، کارکردنی ڕۆژانە دەکاتە هەڵمەتی هەڵبژاردن و هەوڵێك بۆ ڕازیکردنی خەڵك، بەڵام ئەگەر ئەم دیاردەیە بگوازینەوە بۆ شێوازی ئاڵوێڕی حکومەت لەنێوان پارتی و یەکێتی بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی، ئەوا ئەم گۆڕانکارییە دەبێتە هۆکاری ئەوەی بەرنامەی لیستی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ٢٠٠٩ بەهەردوولا جێبەجێ بکرێت، دەکرێت ئەمە ناوبنرێت دابەشکردنی بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە بۆ سەر شانی هەردوو حزب، بۆ ئەوەی لەسەرکەوتن و شکستدا هەردوولا بەرپرسیاریەتیەکەی هەڵبگرن، لێرەوە ئەگەر بەراوردێك لەنێوان بارودۆخی سیاسی کابینەی پێنجەم و شەشەم بکەین، لەگەڵ ئەوەی تەحدییەکانی دەرەوە لەسەردەمی کابینەی پێنجەم زیاتر هەڕەشە بوون، بەڵام ئەو گۆڕانکارییەی کە لەهاوکێشەی سیاسیی کوردستان ڕوویداوە، لەکابینەی پێنجەم هاوکێشەکە هاوسەنگ تر بوو، لانی کەم لەکابینەی پێنجەم ئۆپۆزسیۆنێکی ئاشکرا نەبووە و هەشبوبێت ئۆپۆزسیۆنێکی فەرمی وەك حزبی سیاسیی مۆڵەت پێدراو نەبووە، بۆیە لەکابینەی پێنجەمدا ئۆپۆزسیۆن شاردراوە بووە، ئەو حزبانەشی وەك کۆمەڵ و یەکگرتوو کە لەڕاگەیاندندا وەك ئۆپۆزسیۆن خۆیان پیشاندەدا، بەفەرمی لەحکومەتی کابینەی پێنجەم بەشدار بوون، بۆیە لەبارودۆخێکی لەم جۆرەدا، گرنگە پارتی و یەکێتی پابەندبن بەو بەرنامەیەی بەناوی لیستی کوردستانییەوە پێشکەشی گەلی کوردستانیان کردووە و دەبێت پێکەوە جێبەجێی بکەن. ئەم لایەنە بۆ هەردوولا پارتی و یەکێتی و تەواوی پرۆسە دیموکراتیەکە سوودی هەیە، بۆیە ئەگەر لەماوەی ئەو چوارساڵەی کابینەی شەشەم کەپارتی و یەکێتی پێکەوە جێبەجێی دەکەن، ئەگەر سەرکەتوو بوون، ئەوا ئەگەر هەردوولا لەهەڵبژاردنی داهاتوو بەجیاش دابەزن، ئەوا بەرنامەیەکی نزیك یەك دادەڕێژن و ئەگەری دووبارە هاوپەیمانی کردن لەگەڵ یەکتری بۆ دوای هەڵبژاردنەکان زیاتر دەکات، ئەگەر خوانەخواستە سەرکەتووش نەبوون، دیسان بەرنامەی خۆیان بەو جۆرە دادەڕێژن کە هەڵەکانی ڕابردوو دوبارە نەکەنەوە، ئەمەش بەجۆرێکی دیکە هەر لێکیان نزیك دەکاتەوە.

### ئەرکەکانی ئاییندە

ئەگەر پرۆسەی ئاڵوێری حکومەت ئەنجامبدرێت، دیسان حکومەتی داهاتووش هەر ئەرکەکانی ئەم حکومەتە درێژە پێدەدات و هەر ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکات کە لە٢٠٠٩ لیستی کوردستانی ڕایگەیاندووە، بەڵام لەڕووی سایکۆلۆژیی سیاسیی و پێوەندی نێوان پارتی و یەکێتی و حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن گۆڕانکاری دروست دەبێت و لەوانەیە بنکەی حکومەتەکە فراوانتر بێت و ئەگەر هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆنیش لەحکومەت بەشدار نەبن، بەڵام دووبارە دەرگای وتووێژکردن بۆ بەشداریان لەحکومەت لەگەڵ دەکرێتەوە، لەم حاڵەتە لەوانەیە بەشێك لەئۆپۆزسیۆن وای بەباش بزانێت لەم حکومەتە بەشدار بێت، ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئۆپۆزسیۆن خراپە، بەڵکو بەو مانایەی هاوکاریکردن و بەشداریکردن بۆ بەرژەوەندی گشتی وادەخوازێت هاوکاری سەرخستنی حکومەت بێت، لایەنێکی دیکە کە بۆ خەڵکی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان زۆر گرنگە، ئەوەیە جارێکی دیکە چاو دەخشێنرێتەوە بەمیکانیزمی چۆنییەتی جێبەجێکردن و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان، ئەمەش نەك بەومانایەی کە میکانیزمی ئێستا بۆ دابینکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەڵەیە یاخود باش نییە، بەڵکو بەو مانایەی بۆچوونێکی دیکەش بۆ زیاتر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان تاقیدەکرێتەوە، دروستبوونی میکانیزمی بەدیل و سیاسەتی بەدیلیش باشترین فاکتەرە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، هەروەها ئەم گۆڕنکارییە دەبێتە هۆکارێك بۆ دووبارە ئەکتیفبوونەوەی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی کاتێك ئەم گۆڕانکارییە ئەنجامدەرێت، پەرلەمانتاران بەگشتی ڕووبەڕووی میکانیزمێکی تازە دەبنەوە

**سەرکەوتنی ڕێککەوتنی ستراتیژی لەسەر دەستی پارتی و یەکێتی، بێجگە لەوەی پرۆسەی سیاسی و بونیادی دیموکراتی بردۆتە قۆناخێکی کامڵتر، لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی ڕەخساندووە، کە پرۆسەی دیموکراتی خۆی ببێتە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی لەنێوان سەرجەم لایەنە سیاسییەکان**

بۆ چۆنییەتی چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت و ئەگەر لەماوەی دووساڵی ڕابردوو لەسەر شێوازێك ڕاهاتبن چاودێری کارەکانی حکومەت، ئەوا لەگەڵ دروستبوونی گۆڕانکاری لەحکومەت کە لەوانەیە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بگرێتەوە، شێوازی کاری پەرلەمان نوێدەبێتەوە و پەرلەمانتارەکان چالاك دەکاتەوە، بەڵام خاڵی گەشبین لەم گۆڕانکارییە ئەوەیە کە جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی پۆستی سەرۆکی حکومەت وەربگرێتەوە، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی ئەو خۆی حەزی بەم پۆستەیە، بەڵکو قۆناخی ئەمڕۆمان پێویستی بەوەیە لەم قۆناخە جارێکی دیکە لەسەر هەموو بوارە جیاوازەکانی ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی سیاسیی و پتەوکردنەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکان و گوڕدانەوە بەپرۆسەی پەرەپێدان، تواناکانی نێچیرڤان بارزانی دەربکەونەوە.

## ستافان لینبیرگ بۆ گوڵان:

# ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات ئاستی میانڕۆیی پارتە سیاسییەکان و راهاتن




**پرۆفیسۆر ستافان لینبیرگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی گۆتنبیرگ لەسوید و پسپۆر و تایبەتمەندە لەچۆنیەتی حکومرانی و ئاستی دامەزراوەکان و هەروەها ماوەی دوو ساڵیش وەك ڕاوێژکار کاری لەپەرلەمانی غانا بووە و هەروەها ڕاوێژکاری دەوڵەتانی بەخشەر بووە بۆ وڵاتانی ئەفریقا، سەبارەت بەگرنگی حکومڕانی لەسیستمی دیموکراتی و ڕاهاتن لەسەر ئاڵوگۆڕی ئاشتیانە بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان و باشترکردنی کارەکان، پرۆفیسۆر لینبیرگ لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕاو سەرنجی خۆی خستە ڕوو:**

((پاراستنی مافەکان و کەرامەتی مرۆڤ لەسیستەمی دیموکراسی باشتر دەپارێزرێت وەك لەسیستمی تۆتالیتاری، بۆ ئەمەش هەنگاوی یەکەم بریتییە لەدانانی دەستوورێك کە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە مەدەنییەکان بەپیرۆزی بپارێزێت. دووەم، زۆر گرنگە سیستەمی دادوەری بەشێوەیەکی باش کاربکات و سەربەخۆبێت لەدەسەڵاتەکانی جێبەجێکاری و یاسادانان و هەروەها سەربەخۆبێت لەدەستەکانی دیکە وەکو سوپا و کۆمپانیاکان. پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاش دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێرن، بەڕێککەوتن لەنێوان هەموویان بۆ جووڵانەوە کاتێك کە ئەگەر هات و مافەکانی مرۆڤ پێشێل کران و پێویستیی بەوەڵامدانەوە هەبوو و وەدیهێنانی ئەو شتە لەڕێگەی ڕێگەگرتن لەپێشێلکردنی دیکە لەئاییندە. ئەوجا ئەگەر لێرەوە باسی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بکەین، بەڕای من گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات تەنیا یەك کاریگەریی ڕوون و گشتگیری هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە تێڕوانینی لایەنگرەکانی پارتە سیاسییەکان و خودی پارتە سیاسییەکان تێڕوانینێکی میانڕۆیە و هەستێکی هاوبەش دەخوڵقێنێت لەبارەی شەرعییەتی ڕژێمەکە.

## تابانی کاکیورنیمی بۆ گوڵان:

# پێویستە بۆ ململانێی پارتەکان فۆرمێک هەبێت، لەبەر ئەوەی هاوکاری و ململانێ



**پرۆفیسۆر تابانی ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی هلسنکی و پسپۆر و تایبەتمەندە لەتیۆری دەوڵەت و دیموکراتی و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و چەندین توێژینەوەی لەسەر ناوچەکانی ڕوسیا و بەلتیك و ئۆراسیا هەیە، بۆقسەکردن لەسەر پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و پابەندبوون بە ڕێساکانی دیموکراتی**

**- پرۆفیسۆر تابانی بەمجۆرەی ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

((بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات لەئارادا بێت، ئەوا پێویستە فۆرمێك بۆ ململانێی پارتەکان هەبێت، هەم ململانێ و هەم هاوکاری دوو توخمن دەبێت بە شێوەیەك لەشێوەکان گوزارشت لەخۆیان بکەن. بەم دواییانە نموونەی ئەوەمان هەیە کە ئەم هاوکاریانە بەس نین، بۆ نموونە میسر لەم ساتەوەختەدا خەڵکی نازانن ئایا ڕژێمە کۆنەکە لەڕژێمی پێشوو باشترە، یان تەنانەت خراپترە. لەبەر ئەوە دەبێت بوارێك-مینبەرێك- هەبێت بۆ هاوکاری و مشتومڕکردن. هەربۆیە لێرەوە دەکرێت بڵێین ئەو بەهایانەی کە ماف و ئەرکەکان لەخۆدەگرن، بەشێکن لەبیرکردنەوەی دیموکراتی، کە مێژوییەکەی لەئێستادا دووسەد ساڵە یان نزیکەی دووسەد و پەنجا ساڵە لەهەندێ وڵاتدا، نەك لەسەرتاسەری جیهاندا. کەواتە ئەگەر بمانەوێت بزانین دیموکراسی مانای چییە، وەك دەستەواژە و وەك سیستم، ئەوا دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان لەو بەهایانە تێبگەین کە لەدیموکراسیدا بونیاد دەنرێن. یەکێك لەبنەما سەرەتاییەکان ئەوەیە دەسەڵات بۆ ئەو کەسانەیە کە ملکەچی ئەو دەسەڵاتە دەبن، کەواتە دەبێت هاووڵاتیە ئاساییەکان بتوانن گوزارشت لەبۆچوونی خۆیان بکەن، من دەزانم لەهەندێ ڕژێمدا ئەمە مومکین نییە و خەڵکی ڕێگایان پێنادرێت تاوەکو دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە، بەڵام پێموایە لەڕۆژگاری مۆدێرندا ئەمە زیاتر و زیاتر گرنگ دەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت کەناڵی گوزارشتکردن لەم بیرکردنەوانە لەئارادابن. بەڵام لەهەمان کاتیشدا بونیادنانی دیموکراسیی پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە، زۆرجار دامەزراوە ڕۆژئاواییەکان، وەك بانکی دراوی نێودەوڵەتی، یاخود بانکی جیهانی پێیانوایە تەنیا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد لەمساڵ یان ساڵی داهاتوودا، ئیتر سیستمەکە بەچەشنی دیموکراتیە ڕۆژئاواییەکان کار دەکات. بەدڵنیاییەوە ئەمە حاڵەتەکە نییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەزموونی ئەوەیان نییە لەسیستمێکی دادپەروەردا بژین، ئەمەش ئەگەری ئەوە زیاد دەکات بەزۆری ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ساختەبکرێن، با وڵاتێکی ڕۆژئاوایی بەنموونە وەربگرین، بیلاڕوسیا-ڕوسیای سپی- کە لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا تەنیا پارتێکی دیاریکراو براوە بووە لەهەڵبژاردنەکاندا. کەواتە ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت، ئەو کاتە چەندە؟ زەحمەتە ئەمە یەکلابکەینەوە، بەڵام من

# لەگەڵ دیموکراتی پێشاندەدات

چەند گواستنەوەیەکی دەسەڵات گرنگە بۆ بەدامەزراوەکردنی ئەم تێڕوانینە. هەروەها گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات یەکێکە لەفاکتەرەکان کە دیاردەی گەندەڵی سنووردار دەکات لەبەرئەوەی ئەو پارتەی کە دێتە سەر دەسەڵات بەڵێن دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری باشتر، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویستە رایەکی گشتیی بەهێز لەنێو هاووڵاتیاندا بوونی هەبێت، بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی، بەشێوەیەکی گشتی دیموکراسییەت بەواتای «حوکمی خەڵك» دێت، بۆیە ئەگەر خەڵك بەخۆیان پێیان باشە یەك پارتی سیاسیی دیاریکراو بۆ چەندین هەڵبژاردنی یەك بەدوای یەك لەدەسەڵات بمێنێتەوە، ئەوە ئەوکات هیچ کێشەیەك لەئارادا نییە. «ژاپۆن» و «سوید» و «ئیتاڵیا» نموونەن لەسەر ئەو وڵاتانەی کە ئەم شتە لەمێژوویاندا ڕوویداوە)).

# هەردووکیان پێویستن

دەڵێم بەلای کەمەوە بیست ساڵە. مەبەستم لەدادپەروەری ئەوەیە هەڵبژاردنەکان ڕەنگدانەوەی ڕای نەتەوەکە بن، ئەگەر پارتە سەرەکییەکە دەستی وەردابێتەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، ئەنجامەکەی ساختەکردبێت، ئەوا ناتوانین ململانێیەکی ڕاستەقینە بەدی بهێنین لەنێو هێزە سیاسییەکاندا. هەروەها ڕاگەیاندنیش بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، بەڵام بە تایبەتی لەئێستادا گرنگیەکی زۆری هەیە، کاتێك خەڵکی زانیاری بەدیل لەسەرچاوە جیاوازەکان وەردەگرێت، پێموایە دەبێت ڕاگەیاندن ڕۆڵی ڕەخنەگرانە ببینێت، ڕەخنە لەهەمموو هێزە سیاسییەکان، لەهەموو پارتەکان و لەهەموو سیاسییەکان، مەبەستم لەرەخنەگرتن ئەوەیە هەندێ ڕاگەیاندن، وەك ڕۆژنامە و ڕادیۆکان نەبنە وتەبێژی هەندێ پارتی سیاسی، هەندێ هێزی سیاسی، یان هەندێ لەسیاسییەکان، بەڵکو دەبێت ڕەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی بۆچوونی خەڵك بێت. بەدڵنیاییەوە هەندێ ڕۆژنامە هەن سەر بە پارتە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتیان دەکەن، من لەمە تێدەگەم، بەڵام لەسەدا نەوەت، یاخود ئەم ڕێژەیە هەرچەند بێت، ئەوا زۆرینەی ڕاگەیاندن لەلایەن هیچ پارتێکەوە خاوەندارێتی ناکرێن، کەواتە ئەرکیان ئەوەیە بێلایەن بن.



سومێت گەنگەلی بۆ گوڵان:

# ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی بەبێ ئەم پرۆسەیە دەوڵەتی دیموکراتی بوونی نییە

**پرۆفیسۆر سومێت گەنگەلی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئیندیانا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کەلتور و شارستانەیەت و دیموکراتی، بۆقسەکردن لەسەر گرنگی پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و کاریگەری ئەم پرۆسەیە لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، پرۆفیسۆر گەنگەلی لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:**

((بەدڵنیاییەوە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە بەئاراستەی چەسپاندنی دیموکراسی. لەغیابی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا دەوڵەتی دیموکراتی بوونی نییە، ئەمە یەکێکە لەکەمترین پێداویستییەکانی دیموکراسی بەئاراستەی پرۆسەیەك کە زەمانەتی ئاڵوگۆڕێکی دامەزراوەییانەی بێ توندوتیژی دەسەڵات بکات. لەسیستمی دیموکراسیدا ئامادەیی هاووڵاتیان بۆ ئەوەی بەشداری چالاکانە بکەن لە دانانی ئەو ئەحکامە دەستووریانەی زەمانەتی مافەکان بکەن و بیانپارێزن بەڕێگەی دامەزراوەکانەوە، بۆ بونیادنانی ئەو دامەزراوانەی ڕۆڵی چاودێری دەبینن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی، بەتایبەتی مومارەسەکردنی نادادپەروەرانەی دەسەڵاتی سیاسی. لەسەروو هەمووشیەوە دروستکردنی کەلتوری مافەکان، ئەمەش لە شەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بەکاتە، لە سەروو هەمووشیەوە پێویستی بەبوونی هاووڵاتیەك هەیە کە بەشداری ڕاستەقینە بکات. بەڵام ئەم شێوازە ئاسان نییە یان بەئاسانی نایەتەدی، بەڵکو ئەمە زیاتر دەوەستێتەسەر ئامادەیی لایەنە پێوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی بوار بەهەموو لایەك بدرێت بەشداری بکات، واتە سیغەیەکی سیحری نییە زەمانەتی بەشداری کردنی هەموو لایەنەکان بکات، ئەمە زیاتر دەوەستێتە سەر ئامادەیی پارتە سیاسییە باڵادەستەکان بەوەی دەرفەت بەلایەنەکانی دیکە بدەن، ڕێگایەکی ئاسان نییە بۆ ئەوەی دڵنیابین لەڕوودانی ئەمە، بەڵام لەم قۆناخە گرنگە میدیای کارا بوونی هەبێت و چاودێری هەمولایەك بکات، نابێ میدیا تەنیا پشتگیری ئۆپۆزسیۆن یان لایەنە حکومڕانەکان بکات، دەبێت دادپەروەرانە بن لە ڕاپۆرتەکانیاندا و دەبێت وەك چاودێرێك کاربکەن و ڕەخنە لەهەر کەسێك بگرن کە لەبنەما دیموکراتییەکان دووربکەوێتەوە)).



# ڕژێمی سوریا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گۆشەگیر دەکرێت و لەسەر ئاستی ناوخۆ توندوتیژتر دەبێت

مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمێکی وەك سوریا کە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕێکە ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی خۆی دەگرێتە بەر کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتیش کە دەستەبژێری دەسەڵات کەمینەی کۆمەڵگەی سوریا پێکبهێنن، هەروەك چۆن ڕژێمی بەعسی عێراقیش وەك کەمینەیەك حکومڕانی عێراقیان دەکرد، بەڵام جومگە سەرەکییەکانی سوپا و موخابەرات و ئەمن هەتا ئەو ڕۆژەی فڕۆکەخانەی بەغداش لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە داگیر کرا، ئەو جومگە سەرەکیانە هەر بەدەست ڕژێمی بەعسی عێراقەوە بوو، ئەمە وێڕای ئەوەی سزایەکی ئابووری توندی نێودەوڵەتی بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لەسەر ڕژێمەکە سەپێنرا، هەروەها ناوچەی دژە فڕین لەباکوورەوە لەسەر هەرێمی کوردستان و لەباشووریشەوە دروستکرا، هەربۆیە کاتێك ئەم باکگراوەندەی بەعسی عێراق دێنینەوە یادی خۆمان و لەگەڵ ڕژێمی بەعسی سوریا بەراوردی دەکەین، هەست دەکەین فەرامۆشکردنی هەندێك خاڵی گرنگ چاودێری سیاسی یان شرۆڤەوانی بارودۆخەکە بەهەڵەدا دەبات، لێرەوە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا ئەم سزا نێودەوڵەتیانە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟ یان ئایا ئەگەر سوریا بەرەو شەڕی ناوخۆ هەنگاوی هەڵگرت، ئایا گەلی سوریا دەکەوێتە چ بارودۆخێکەوە؟ لایەنێکی دیکەی گرنگ کە ئێمە وەك کورد لامان گرنگە ئایا کوردی سوریا لەم بارودۆخە چۆن هەنگاو هەڵبگرێت و چۆن بتوانێت ئەو مافانەی کە دەیان ساڵە پێشیل دەکرێن، بۆی بگەڕێتەوە؟ ئایا کاتێك ئۆپۆزسیۆنی سوریا بایەخ بەمافەکانی کورد نادات، پێویستە کورد چ ڕێگایەك بگرێتە بەر؟

### سەپاندنی سزاکان و کاریگەری لەسەر ڕژێمی سوریا

زۆر چاودێر و شارەزا لەسەر پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سوریا پێیانوایە، لەبەر ئەوەی سوریا لەکۆمەڵێك بواری گرنگدا پشت بەدەرەوە دەبەستێت، ئەوا سزاکان برستی لێدەبڕێت و دەبێتە هۆکاری ئەوەی ڕووخانی ئاسانتر بێت، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر باسم حەداد بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی جۆرج تاون و تایبەتمەند لەسوریا کرد، لەمبارەیەوە پرۆفیسۆر حەداد بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (ڕووخانی ڕژێمی سوریا شتێك نییە کە پێشبینیی بکەین بەم زووانە ڕووبدات، بەڵکو ئەوەی کە زیاتر پێشبینیی ڕوودانی دەکرێت ئەوەیە کە لەسەر ئاستەکانی خوارەوە و ناوەند دەبێت نەك لەسەر ئاستی سەرەوە، هەروەها لەسەر ئاستی سوپا بەئاستێکی زۆر کەمتر لەهێزەکانی ئاسایش، ئەوەی کە ئەگەری ڕوودانی هەیە ئەوەیە هێزەکانی ئاسایش دەکەونە گفتوگۆ و دیراسەت لەبارەی ئەگەرەکانی بەردەوامبوونیان لەسەرکوتکاری یانیش والاکردنی دەرگاکان بۆ ڕێگەچارەی دیکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکە، بەهەرحاڵ، ئەمانە بۆ حاڵی حازر ڕوونادەن، بەڵکو لەماوەی چەند مانگی داهاتوودا ڕوودەدەن پاش ئەوەی تەمویلی سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و خۆپیشاندەران ڕوو لەنەمان بکات و ئەوکات ڕژێمەکەی «سوریا» ناچار دەبێت فشارێکی زۆر بخاتە سەر خۆی لەپێناو بەردەوامبوونی لەم پرۆسەیە، «سوپای سوریای ئازاد» و پەرەپێدانی بەرگریی چەکداری لە«سوریا» بەتێپەڕبوونی کات



شامۆیل ساندلەر بۆ گوڵان:

**لەمیسر لەبری بەهاری عەرەبی زستانی ئیسلامی دەستی پێکردووە بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا کێ جێگەی ئەسەد دەگرێتەوە**

پرسیاری لێ دەکەوێتەوە و کەس نازانێت پاشان چی ڕوودەدات، ئایا «سوریا» بەم قەیرانە ئابوورییەی ئێستای و لەم «گۆشەگیرییە»ی کە تیایدایە دەستدەکات بەدروستکردنی هەندێك بڕیار بۆ والاکردنی دەرگاکان لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەر؟ یاخود ئەوەیە بارەکە لەنێوان سوپای سووری و ئۆپۆزسیۆن هەڵکشێت و بگاتە پێکدادانی سەربازی، لەمبارەیەشەوە مایەی گومانە ڕژێمەکەی «سوریا» بتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی چەکدار ببێتەوە، لەبەرئەوەی ڕژێمەکەی «سوریا» لەبارێکی زۆر هەستیاردایە و لەئاکامدا زیانێکی زۆری پێ دەگات و شەرعییەتی زیاتر لەدەستدەدات و پێکهاتەی زیاتر لەسوپا پشتی لێدەکەن و لەدژی دەوەستن، وێڕای ئەوەی کە قوربانییەکی زۆر دراوە لەڕووی مرۆیی و ژمارەیەك زۆر لەهاووڵاتیان کوژراون و بەپێی بارودۆخەکان ئەگەر هەیە قوربانیی زیاتر لەدەستبدرێت، بەڵام پێشبینیی ئەوە دەکرێت کە بارودۆخەکان بەرەو باشتر بڕوات بۆ ئۆپۆزسیۆنی «سوریا»)).

بەڵام پرسیاری دیکە کە لەپرۆ فیسۆر حەدادمان کرد ئایا سزاکان کاریگەری چییان دەبێت؟ لەوەڵامدا بەمشێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بەڕای من سزاکان تارادەیەك کاریگەری لێدەکەوێتەوە، پێموایە سزاکان پێشەکییەك فەراهەم دەکات و شەرعییەت دەدات بەهەوڵ و تەقەلای هەندێك لەوڵاتانی دیکە بۆ ڕەفتارکردن بەتایبەتی بڕیارەکانی کۆمکاری عەرەبی کە جۆرە شەرعییەتێکی بەخشییە بەو هەوڵانەی کە ئەگەری هەیە لەئایندەدا بدرێن بەتایبەتی لەلایەن هێزەکانی ڕۆژئاوا لەبارەی دەستێوەردان لە «سوریا»، مەرج نییە سزاکان لەمەودایەکی کورتدا زیان بەڕژێمەکە بگەیەنێت، بەڵکو لەمەودایەکی کورتدا زیان بەهاووڵاتیان دەگەیەنێت و لەمەودایەکی دوورا زیان بەڕژێمەکە دەگەیەنێت، بەڵام پێدەچێت ئۆپۆزسیۆنی ناو «سوریا» بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە لەکۆتاییدا سەرکەوتوو بن، دەستێوەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یاخود کۆمکاری عەرەبی هەندێك ئاکامی لێدەکەوێتەوە کە لەبەرژەوەندیی هاووڵاتیانی «سوریا»دا نییە، تەنانەت دەستپێشخەرییەکەی ئەمڕۆی «تورکیا»ش پێدەچێت تەنیا هاوکاریی یەك لایەن بکات، بەڵام ئەم تێکهەڵکێشییە تەنیا ئەوکات ڕوون دەبێتەوە پاش ئەوەی ئەم پێکدادانە بگاتە ئاستێکی سەربازی بەتایبەتی کاتێك کە ئۆپۆزسیۆن بەوە تۆمەتباربکرێت کە



دارِشتندایە بەهاوکاریی هێزی دەرەکی)).

**دەوڵەتانی دراوسێی سوریا و کاریگەریان لەسەر بارودۆخەکە**

دوای ئەو مەزندانەی بۆ لێکترازانی سوپا و موخابەراتی سوریا دەکرێت، ڕۆڵی دەوڵەتانی دراوسێی سوریا بەگرنگ وەسف دەکرێت، لەنێو دراوسێکانی سوریاشدا تەنیا دەوڵەتێك بتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت تورکیایە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر شامۆیل ساندلەر تۆژەر لەسەنتەری بیگن –سادات (BESA) بۆ دیراساتی ستراتیژی کردو سەبارەت بەکاریگەری دەوڵەتانی دراوسێ لەسەر سوریا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکە زۆر زەحمەتە، دڵنیام ئێوە وەك کورد لەم شتە بەئاگان، مەبەستم لەوەدایە کە کوردەکان لەچەندین لایەنەوە ئەشکەنجەیان چێشتووە، لەلایەن «تورکیا» و لەلایەن «عێراق»، بۆیە زۆر زەحمەتە بتوانرێت دەستێوەردان بکرێت لەکاروبارە ناوخۆییەکان، بەڵام پێموایە هەموو جیهان لەوە بەئاگایە کە ئەمرۆ «کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی» هەیە، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت دەستەوەستان ڕاوەستێت لەکاتێکدا شتی هاوشێوە ڕوودەدات، دەستێوەردانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەکاروبارە ناوخۆییەکانی وڵات ئەگەری هەیە سابیقەیەکی زۆر گرنگ بێت بۆ هەموو خەڵکی لەزمنیشیان کورد کە بەدەست چەندین لایەن دەناڵێنن. سەبارەت بەهەڵویستی دەوڵەتانی دراوسێش، دیسان پێشبینیکردن زۆر زەحمەتە، لەبەرئەوەی وڵاتانی دراوسێی «سوریا» بریتین لە»لوبنان» و «ئوردون» و «عێراق» و «تورکیا»، نازانم کاریگەری بۆ وڵاتانی دیکەش دەبێت یان نا، لەبەرئەوەی هێشتا بارودۆخە ناوخۆییەکانی «سوریا» نادیارە و لەناو «سوریا» چەندین پێکهاتە و کەمینە هەیە «عەلەوی» و «سوننە» و «کورد» و «دروز» لەگەڵ کرستیانەکان، هەموو کەمینە و پێکهاتەکان ترسیان لەمبارەیەوە هەیە و جارێ



**باسم حەداد بۆ گوڵان:**


# مایەی گومانە ڕژێمەکەی «سوریا» بتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆنێکی چەکدار ببێتەوە

نازانین ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی دەگاتە کوێ و تاچەند تەشەنەدەکات. هەربۆیە وڵاتانی دراوسێ دوودڵن لەدەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتانی دیکە، هێشتا دیارنییە ڕەفتاری «تورکیا» چۆن دەبێت لەبەرامبەر «سوریا» لەبەرئەوەی لەماوەی ڕابردوودا پێوەندیی باش لەنێوانیاندا هەبوو و هاوپەیمان بوون و تاڕاددەیەك هەڵوێستی وەرگرتووە، بەڵام بەو ئاستە نییە، هاوکات «تورکیا» ئاڕاستەیەکی ئەوروپا-ی هەیە لەڕووی ڕەفتار و سیاسەتەکانی، سەبارەت بە»ئوردن» نازانم لەبەرئەوەی «ئوردن» زۆر وریایە لەڕووی سیاسەتی دەرەوە)).

دەربارەی ڕۆڵی کورد لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی سوریا، پرۆفیسۆر ساندلەر بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (کێشەی کورد لەهەموو ئەو وڵاتانەدا بوونی هەیە کە پێکهاتەی کوردی تێدایە، هەموو وڵاتەکان بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەیە لەبارەی چارەسەرنەکردنی پرسی کورد لە»ئێران» و «عێراق» و «سوریا» و «تورکیا»، شتێکی تراژیدییە کە کورد تاکو ئەمرۆ سەربەخۆیی وەدەستنەهێناوە و دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆی نییە، ئەمە لەکاتێکدا ژمارەیان زیاتر لە٢٥ ملیۆنە. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ڕژێمی سوریا ڕووخا کێ جێگەی دەگرێتەوە؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە و هێشتا وەڵامەکەی بەدڵنیاییەوە نازانین، ئەمرۆ لە»میسر» لەبری «بەهاری عەرەبی» دەبینین «زستانی ئیسلامی» دەستی پێکردووە، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا کێ جێگەی «ئەسەد» دەگرێتەوە. ئەمە پرسیارێکی زۆر زۆر گەورەیە کە جارێ وەڵامدانەوەی زۆر زەحمەتە)).

## باڵیۆز ئیدوارد غونێم بۆ گوڵان:

# من لەو بڕوایەدا نیم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەی سەربازی ڕژێمی سوریا بڕووخێنێت



باڵیۆز ئیدوارد غونێم کە ئێستا بەڕێوبەری فۆرمی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستە لەزانکۆی ئیلۆت(Elliott) بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، پسپۆرو تایبەتمەندە لە سەر کوێت و وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بەگشتی، پرۆفیسۆر غونێم لە ساڵی ١٩٧٤- ٢٠٠٤ واتە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ لە دبلۆماتی ئەمریکا کاری کردووەو لەساڵی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ جێگری بەرپرسی چاودێری بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بووە لە دیمەشق و دواتریش لەساڵی ٧٦-٧٨ سەرۆکی نووسینگەی پێوەندییەکانی ئەمریکا بووە، لەڕیازو دووجاریش پۆستی جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بەرگری ئەمریکا هەبووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك و باشووری ئاسیاو ماوەیەکیش جێگری نوێنەری گشتی ئەمریکا بووە لەنەتەوە یەکگرتووەکان و لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٤ یش باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە کوێت و لەساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٤ یش باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە شانشینی ئەردەنی هاشمی، باڵیۆز غونێم لەساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی ڕێزلێنانی جۆرج بۆش و لە ٢٠٠٤ خەڵاتی کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای پێدراوە، بۆقسەکردن لەسەر بارودۆخی سوریاو ئەگەرەکانی ئاییندەو هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پێوەندیمان بە باڵیۆز غونێمەوە کردو چەند پرسیارێکمان ئاڕاستە کردن، گەرچی باڵیۆز کاتی کەمی لەبەردەستدا بوو بەڵام هەر وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە، ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەیەتی.

*** هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر سوریا سەپاندنی سزای ئابورییە، بە ڕای بەڕێزت وەك دبلۆماتکارێکی ئەمریکی، ئایا سزای ئابووری، ڕژێمێکی وەك ڕژێمی سوریای پێدەڕوخێت؟**

- بەڕای من بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکە ئەوە بەس نییە، بەڵکو پێموایە کە توانای ڕژێمەکە بۆ مانەوە ئاڵۆزتر دەکات، گرنگترین شت کاردانەوەی خودی هاووڵاتیانی سوریایە، ئەویش جیابوونەوەو لێکترازان لەناو سوپاو دەزگای هەواڵگری ڕوویداوەو ئۆپۆزسیۆنێکی چەکداریش لە هەڵکشاندایە، هەروەها بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان لەلایەن هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێم لەناو»سوریا«، پێموایە ئەوان کاریگەریی زیاتریان هەیە لەسەر ئایندە، لەوەی کە سزایەکی دەرەکی کاریگەریی هەبێت.

*** بەڵام هەموو ئەمانەی ئاماژەیان پێکرا کاردانەوە بۆ سەرکوتکاری هاووڵاتیان لەلایەن ڕژێمی سوریاوە زیاتر دەکات و قوربانی زیاتری لێدەکەوێتەوەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش تا ڕادەیەك بێدەنگە، ئایا تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدایت؟**

- پێش هەمووشتێك دەمەوێ بڵێم کە قسەکەتان دروستە، توندوتیژی بەردەوامەو بەشێوەیەکی گشتی لەدژی هاووڵاتیانی مەدەنیشە، بەڵام

**سەپاندنی سزای ئابووری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکە بەس نییە. بەڵکو پێموایە کە توانای ڕژێمەکە بۆ مانەوەی ئاڵۆزتر دەکات**

لەگەڵ ئەو بۆچوونەتان نیم کە دەڵێن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە چونکە بێ دەنگ نەبوون و لێرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەروەها لەناو حکومەتە ئەورووپییەکانیش، لەمبارەیەوە لێدوانیان پێشکەش کردووە، بۆیە پێموایە خەڵکی هەست بە بارودۆخەکە دەکەن، هاوکات چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە لەبارەی چۆنیەتی وەدیهێنانی گۆڕانکاری لە»سوریا«دا.

*** چەند بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت، هێندە مەترسی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆیی زیاتر دەبێت، لەمەش خراپتر مەترسی ئەوە هەیە، ئەم شەڕە کاریگەری لەسەر سەقامگیری ناوچەکەش هەبێت، ئایا بەڕای ئێوە چۆن ئەم لایەنە لەبەر چاوگیراوە؟**

- پێموایە ئەمە هەمان ئەو ترسەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لەزمنیشی وڵاتانی عەرەبی چواردەوری»سوریا«هەستی پێ دەکەن لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکە، لەناو «سوریا»وە ترسی ئەوە هەیە بارەکە هەڵکشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی یان قەیرانێکی ناوخۆیی. هاوشێوە لەگەڵ ئەو

**لەناو «سوریا» وە ترسی ئەوە هەیە بارەکە هەڵکشێت بۆ شەڕی ناوخۆیی یان قەیرانێکی ناوخۆیی. هاوشێوە لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی کە «عێراق» پیایدا تێپەڕیوە**

بارودۆخانەی کە«عێراق»پیایدا تێپەڕیوە، بۆیە ترس هەیە لە ئاکامەکان، ئێمە لە ڕابردوودا ئەم جۆرە بارودۆخانەمان بینیوە، کاتێك کە نالەباریی ناوخۆیی لە وڵاتێکدا ڕوویداوەو لە ئەنجامیدا پێش هەموو شتێك بووە بەمایەی سەرهەڵدانی کێشەی پەنابەران و کۆچکردنی هاووڵاتیان بۆ دەرەوەی وڵات و هەروەها بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی بەرفراوان لەهاووڵاتیانی بێتاوان لەناو وڵاتەکەدا، پاش ئەوەی لایەنەکان لەدژ یەکتری شەڕیان کردووە، لەلاکی دیکەوە «سوریا» دراوسێی وڵاتانێکە وەکو «لوبنان» و «تورکیا» و «عێراق» و «ئوردون»و«ئیسرائیل» بۆیە شوێنێکی جوگرافیی زۆر گرنگی هەیە، ئەگەر هات و بارودۆخە ناوخۆییەکانی وڵات بەشێوەیەکی بەرچاو تێکچوو، ئەوکات بێگومان کاریگەریی نێگەتیڤانەی دەبێت لەسەر هەر یەك لەو وڵاتانە.

*** ئێوە زۆر باش دەزانن سوپاو دەزگا هەواڵگرییەکانی سوریا زۆر تۆکمەو بەهێزن، سروشتی ڕژێمی سوریا بەوجۆرە بووە. زۆر بەتۆکمەیی ئەم بوارەی ڕێك خستووە، لەبەرامبەردا پسپۆڕان و چاودێرانی سوریا وای دەبینن تا لێکترازان لەم دوو بوارە ڕوونەدات، سوریا گۆڕانکاری تێدا نابێت، ئایا پێتوایە ئەو کارە بەئاسانی ڕوبدات؟**

- پرسیارێکی زۆر گرنگتان وروژاندووە، لەڕاستیدا دەمەوێ لێرەدا باس لە دوو شت بکەم: یەکەمیان ئەوەیە کە لەکاتێکدا خۆپیشاندانی گشتی و بەرهەڵستکاری لە ناو وڵات سەریهەڵداوە لەدژی ڕژێمەکە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا خۆپیشاندانی گەورە هەبووە وەك پاڵپشتی لەڕژێمەکەو بۆیە پێویستە لێرەدا ئەو ڕاستییە لەیادنەکەین کە حکومەت جۆرە پاڵپشتییەکی جەماوەریی هەیە لەنێو هەندێك لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگەو ئەم شتە هێشتا نەگۆڕاوە..

خاڵی دووەم، قسەکەتان زۆر دروستە لەسەر سوپاو دەزگای هەواڵگری، ئەگەر بێت و برووخێن ئەوکات ڕژێمەکەیش دەڕووخێت، بەڵام بێگومان هەموو چاودێران لەوە بەئاگان «عەلەوییەکان»کە حکومەتیان کۆنترۆڵکردووە، هاوکات دەزگای هەواڵگری و یەکە تایبەتیەکانیشیان لەناو سوپادا کۆنترۆڵکردووە، بۆیە ئەو پێکهاتەیە سۆزو ئینتیمایان بۆ ڕژێمەکە هەر دەمێنێت، لەبەرئەوەی بێگومان دەسەڵات و پۆستەکانیان پەیوەستە بەمانەوەی ڕژێمەکەوە، بۆیە لەوانەیە ئینشیقاقی گەورە ببینین بەتایبەتی لەنێو سوپا کە زۆرینەیان بریتین لە پێکهاتەی سوننە، بەڵام زەحمەتە پێکهاتە «عەلەوییەکان»ی ناو سوپا ئینشیقاق بکەن، لێرەشدا مەسەلەکە دەڕواتە سەر ئەو پرسیارەی کە پێشتر قسەمان لەسەری کرد لەبارەی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی، لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و ئینشیقاق لەنێو سوپا ڕووبدات ئەوکات شەڕێکی ناوخۆیی بەرپادەبێت و پێکهاتەکانی سوپا لەدژی یەکتریدا دەجەنگن.

*** پێت وایە لەکاتی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاستەوخۆ بێتە ناو کێشەکەو چارەسەرێك بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزیتەوەو یەکلایی بکاتەوە؟**


- دەمەوێ رای خۆمتان پێ ڕابگەیەنم، من تاکو ئێستاش گومانم هەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو ئاراستەی دەستێوەردانی سەربازی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵکو زیاتر لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە هەوڵەکان چڕبوونەتەوە، لەزمنیشیان تێڕوانینی نەتەوەیەکگرتووەکان و تێڕوانینی ئەنجوومەنی ئاسایش لەبارەی بارودۆخەکەوە، بەڵام مەسەلەکە زیاتر بەشێوەیەکی فراوان پەیوەستە بە وەڵامدانەوەی »کۆمکاری عەرەبی«و وڵاتانی هەرێمییەوە لەسەر بارودۆخەکە، ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەلایەنی کەمەوە تاکو ئەمڕۆ، هەر یەك لە»مۆسکۆ«و»پەکین« پشتگیری

**ئەگەر بێت و ئینشیقاق لەنێو سوپا ڕووبدات ئەوکات شەڕێکی ناوخۆیی بەرپادەبێت و پێکهاتەکانی سوپا لەدژی یەکتریدا دەجەنگن**

لە»ئەسەد«دەکەن، بۆیە لەو بڕوایەدانیم لەو جۆرە دەستێوەردانە ڕووبدات و باوەڕیش ناکەم بەم زووانە شتی وا ڕووبدات.

*** لەگەڵ ئەوەی بەڕێزتان کاتتان زۆر کەمە، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین هەردوو پرسیارەکە لەیەك پرسیاردا کۆبکەینەوە، ئەویش سەبارەت بەهەڵوێستی دەوڵەتانی دراوسێی سوریایە کە هەڵویستیان روون نییە، هەروەها سەبارەت بە ئاییندەی کێشەی کوردە لە سوریادا، ئایا لەسەر ئەم دوو پرسە گرنگە ئێوە چی دەڵێن؟**

- پێموایە بۆچوونەکەتان دروستەو دووبارە پەنجەتان خستۆتە سەر هەندێك لە ئاکامەکانی رەفتارەکانی کۆمکاری عەرەبی، لەبەرئەوەی لەکاتێکدا بڕیاریان سەپاندووە پێدەچێت زۆر دراماتیکی بن، ئەگەر وڵاتانی دراوسێ فشاریان نەبێت، ئەوە ئەوکات ئەوان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نابێت، زۆر زەحمەتە بۆ من ئەوە بخەملێنم کە»لوبنان« بە حکومەتەکەی ئێستای بتوانێت ئەو جۆرە بڕیارانە جێبەجێ بکات، ئەوان پێشوەختە وتوویانە نایکەن، سەبارەت «عێراق»یش، «عێراق» نیگەرانیی خۆی دەربڕیوەو باوەڕناکەم ئەو بڕیارانە




جێبەجێ بکات، بەڵام لەگەڵتان هاوڕانیم لەبارەی »تورکیا«لەبەرئەوەی »تورکیا«هەڵوێستی روون و ئاشـــکرای هەبووە، ئەوەی ڕاستی بێت لە دوایین لێدواندا گەورەبەرپرســـێکی تورکی وتی »ئەگەر هات و توندوتیژی لە وڵات گەیشـــتە ئاستێکی دیاریکـــراو ئەوکات»تورکیا«بیردەکاتەوە لەبارەی بردنە ژوورەوەی ســـووپای تورکی بۆ ناو وڵاتەکە لە پێناوی دامەزراندنـــی پەناگەیەکی ئارام»بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی سڤیل، ئەوە هەڵوێستێکی گەورە بـــوو، هەرچەندە لـــەوە دڵنیانیم گەر ئەو شـــتە بکەن یان نا، بەڵام ئەوەیان هەڕەشـــەیەکی زۆر بەهێزە»ئوردن» وڵاتێکی دیکەی دراوسێیەو لەڕاستیدا وڵاتێکی زۆر بچووکەو لاوازە، بەرامبەر دەستێوەردانەکانی »ســـوریا« پادشـــای ئـــوردن رایگەیاند کە پێویستە»ئەسەد«دەست لە تەختی دەســـەڵات بکێشـــێتەوە،»ئوردن» هەڵوێستێکی ئاشـــکرای ڕاگەیانـــد بەڵام ئەو هەڵوێســـتە بۆ ئـــەوان قورســـە،»ئوردن» تاڕادەیەکـــی یەکجار زۆر پەیوەســـتە بە»ســـوریا«وە وەك ترانزێت لە «ئەوروپا»وە بۆ «ئـــوردن»و لە»ئوردن»ەوە بۆ دەرەوەی وڵات بەرەو دەریای ســـپی ناوەڕاســـت و بەندەرەکانی »لوبنان»، بۆیە»ســـوریا« بۆ ئەوان زۆر گرنگەو ســـەرچاوەیەکی ئابووریی گرنگە، ئەمە لەکاتێکدا ئابووریی ئەوانیش هاوشێوە لەگەڵ

## پێکهاتەی کورد لە «سوریا» کۆڵنادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەردەوام دەبێت لە بەرگریکردن و دژایەتی حکومەت

زۆربەی ئابووریی وڵاتانی جیهان دوچاری گرفت بووەتەوە.

ســـەبارەت بەئۆپۆزســـیۆنی کـــوردی لەناو وڵاتدا، من خاوەن ئەزموون و مەعریفەیەکی زۆر سنووردارم لەو بارەیەوە، بەڵام تەنیا دەتوانم چەند تێبینییـــەك بەمتمانەوە پێشـــکەش بکەم، ئەویش ئەوەیە کـــە ڕژێمەکەی ئێستای »ســـوریا« قەد هیچی نەبەخشـــیوە بەکوردو هەروەها مافەکانی پێیان ڕەوا نەدیتون بە تایبەتیش لەڕووی گەیشتن بـــە دەســـەڵاتی دادوەری و مافەکانی مرۆڤەوە، بەوشێوەیەیش پێکهاتەی کوردیان لە فەرامۆشیدا جێهێشـــتووەو رژێمەکە بەزەبری هێزەوە کوردەکانی کۆنترۆڵ کردووە، بەڵام پێویســـتە ڕژێمەکە باجی ئەو ڕەفتارانەی بداتـــەوە لەبەرئەوەی پێکهاتەی کورد لە «سوریا» کۆڵنادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە بـــەردەوام دەبێت لـــە بەرگریکـــردن و لەدژایەتی حکومەت، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد حکومەت لەڕابردوودا هێزی بەکارهێناوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کوردەکانی »سوریا«و تا لەتوانایدا مابێت هەر هێز لەدژیان بەکاردێنێت.



## پێویستە لەسەر کوردەکانی «سوریا» کەیسەکەیان بخەنەڕوو بەشێـوەیەک کە مافەکـ

*** بارودۆخەکانی «سوریا» هەر ڕوو لەخراپتر دەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاکو ئێستا تەنیا سزای ئابووریی لەسەر»سوریا» سەپاندووە، بەڕای تۆ ئایا تاچەند ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاریگەریی دەبێت لەسەر کەیسەکەی»سوریا»؟ ئایا ئەمە بەسە لەم خوێن ڕشتنەی ئێستای «سوریا»؟**

- بڕیاری سزاکان پێویستیی بەکات هەیە، ئەمڕۆیش «سوریا» تا ئاستێکی بەرزو تاڕادەیەك لە هەموو شتێك پشت بە دەرەوە دەبەستێت، هەر لە کارەباو سەرچاوەکانی ئاوو سیستمی ئاوەڕۆو ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و هەروەها چەك، بۆیە»سوریا» بۆ زۆر شت پشت بە جیهانی دەرەوە دەبەستێت و تاکە سەرچاوەی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی لەڕێگەی «ئێران»وەیە یاخود هەندێك لە وڵاتەکانی دیکە، بۆیە مەسەلەکە پێویستیی بەکات هەیە تا»سوریا»هەست بە کاریگەرییەکانی فشاری دەرەکی بکات، لەلایەنێکی دیکەوە دەکرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەندێك فشار دروست بکات بۆنموونە لەڕێگەی کێشانەوەی باڵیۆزەکان و دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین و داخستنی ئاسمانی»سوریا»لەگەڵ چەندین شتی دیکەی لەو جۆرە بابەتانە بۆ گۆشەگیرکردنی ڕژێمەکەی «سوریا».

*** توندوتیژی لەلایەن ڕژێمەکەی «سوریا»ڕووی لە هەڵکشان کردووەو هاووڵاتییە سڤیلەکان بوونەتە قوربانی، بەڕای تۆ ئایا بۆچی جیهان بەگشتی لەمبارەیەوە بێدەنگەو هەڵوێستێکی جددی وەرناگرێت بەرامبەر کۆمەڵکوژییەکەی»سوریا»؟**

- ناتوانی بڵێی کە هەموو جیهان بێدەنگیی نواندووە، لەبەرئەوەی سزای ئابووری سەپێندراوە

> **ڕۆڵی «توركیا» ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندتر دەبێت و ئەمڕۆ دەستیان کردووە بە جێبەجێکردنی سزای ئابووری لەسەر «سوریا»**

لەگەڵ گۆشەگیرکردنی دیپلۆماتی، بەڵام ئەگەربێت و جیهان چاوی لەهەموو وڵاتێکی جیهان بێت و دەستێوەردان لە کاروبارەکانیان بکات ئەوە ئەوکات لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە جەنگ بەرپا دەبێت لە جیهاندا، ئەوەشتان لەیادنەچێت کە ئەم جۆرە هەوڵانە خەرجییەکی زۆری تێدەچێت بۆنموونە ئەگەر ناوچەی دژەفڕین لەسەر وڵاتێك بسەپێنیت ئەوکات پێویستە ٢٤ کاتژمێر فڕۆکە لە ئاسمانی ئەو وڵاتە بفڕێنی لەپێناو چاودێریکردنی ناوچەی دژەفڕینەکە، ئەم شتەیش خەرجییەکی زۆری دەوێت و هەموو وڵاتێك جۆرە ئەولەوییاتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە ئەوەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت بیکات ئەوەیە کە ئەو جۆرە بڕیارو سزایانە بسەپێنێت و چاوەڕوانی ئەنجامەکانی بێت، بۆیە تا ڕای گشتی ناوخۆیی بەتەواوەتی نەگاتە ئەو باوەڕەی کەهیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە نەماوە بۆ چارەسەرکردنی کەیسەکەی»سوریا»تەنیا ئەوکاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەوروپا بەدوای ڕێگەچارە دەگەڕێن بۆ لادانی ڕژێمەکەی»سوریا»هاوشێوە لەگەڵ ئەوەی کە

## د.عەبدولمونعیم سەید
## سەرۆکی پێشووی دامەزراوەی ئەهرام بۆ گوڵان:

# من دڵنیام سووریا دەکەوێتە ناو شەڕێکی خوێناوی ناوخۆییەوە، بەڵام هێشتا بەتەواوەتی حەلەب و دیمەشق نەهاتوونەتە ناو شۆڕشەکەوە



**د.عەبدولمونعیم سـەید یەکێکە لەڕۆژنامەنووس و نووسەرو توێژەرە دیارەکانی میسرو وڵاتانی عەرەبی و جیهان و تا ماوەیەك لەمەوپێش سـەرۆکی ئەنجوومەنی کارگێڕیی دامەزراوەی ئەهرامە، کە ئەم دامەزراوەیە محەمەد حەسـەنێن هەیکەل بەکۆشکی هەوریڕی ناو جیهانی ڕۆژنامەگەری عەرەبی ناوی بردووە، هەروەها د.عەبدولمونعیم سـەید سەرۆکی سـەنتەری ئەهرام بووە بۆ دیراساتی سیاسیی و ستراتیژی، عەبدولمونعیم لەسـاڵی ١٩٧٥وە لە دامەزراوەی ئەهرام کاردەکات، بەمەش دوای ڕۆژنامەنووسی ناودار محەمەد حەسەنێن هەیکەل، عەبدولمونعیم سەید دیارترین ڕۆژنامەنووسی میسرە، هەروەها وەك توێژەرێکی ستراتیژ بێجگە لەوەی سـەرۆکی سەنتەری ئەهرامە بۆ دیراساتی ستراتیژی، لەهەمانکاتدا لە ساڵی ١٩٨٧ەوە زەمیلی ئامۆژگای برۆکینگزە، بۆ قسـەکردن لەسەر بارودۆخی سوریا و ئەگەرەکانی ئاییندە، پێوەندیمان بە د.عەبدولمونعیم سەید کردو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

**ـــانیان زامن بکات، بۆیە لەوانەیە لە «سوریا»ش بتوانرێت شتێک بۆ کوردەکان بکرێت**

لەدژی «قەزافی» ئەنجامدرا لە «لیبیا».

*** زۆربـــەی چاودێـــران و پســـپۆران پێیانوایـــە کـــە پرســـی هەرەگرنـــگ لـــە کەیسەکەی»سوریا»پەیوەستە بە هەڵوێستی سوپاو ئەگەر هات و سوپا چیتر پشتگیری لە ڕژێمەکە نـــەکات، ئەوە ئەوکات ڕژێمەکە ڕوو لـــە ڕووخان دەکات، ئەمڕۆ زۆربەی چاودێران پێشـــبینی ئەوە دەکەن کە ســـوپاو هێزەکانی ئاسایشی»سوریا»ڕوویان لە ڕووخان کردووە، بەڵام هەندێك لە چاودێرانی دیکە بەپێچەوانەوە بیـــری لێ دەکەنـــەوە، بەڕای تـــۆ، تاچەند پێشبینی دەکەیت ســـوپای سوریا بڕووخێت و یان تا کەی پێشبینی دەکەی سوپای سوری بەردەوام بێت لە پاڵپشتیکردنی ڕژێمەکە؟**

- نەخێر بـــەم زووانە ڕوونـــادات، هەروەك بینیمان لە «لیبیا» کە هەشت مانگی خایاندو لەکاتێکدا ســـوپاکەی «لیبیا» وەك سوپای «سوریا» خزم و کەسی تێدانەبوو، لەلایەنێکی دیکەوە پێشـــوەختە جـــۆرە لێکترازانێك لەنێو سوپای سوری دەستی پێکردووە، ئەم مەسەلەیە پێویستیی بەکات هەیەو من پێموایە لەکاتێکدا کە ســـوپای سوری و ڕژێمەکە سەرکوتکاری بەکاردێنـــن ئـــەوە لەئاکامدا گێلەشـــێواویی لـــێ دەکەوێتەوە، هیچ شۆڕشـــێك نییە بەبێ قوربانیـــدان و بەداخەوە جیهـــان ئەو خاڵەی لەبەرچاوگرتووە کە چەند لایەنێکی هەستیار لەبارەی»سوریا» هەیە لەڕووی پێوەندییەکانی لەگـــەڵ «عێـــراق»و پێوەندییەکانی لەگەڵ «لوبنـــان»و پێوەندییەکانـــی لەکێشـــەی «فەڵەستینییەکان»، ئەگەریش ئێستا جیهان دەیەوێ ڕژێمەکەی «ســـوریا» لابدات، ئەوە پێویستە بەشێوەیەك کار بکات کە کاردانەوەی لێ نەکەوێتەوە لەســـەر ناوچەکـــە، ئەمەیش لایەنێکی زۆر هەســـتیارە، بـــەڵام لەکۆتاییدا تەنیا خودی گەلی ســـوریایە کە ڕژێمەکەی دەگۆڕێـــت، جەنگاوەرەکانـــی «لیبیا» بوون کە لەســـەر زەوی کۆتاییان بە ڕژێمەکە هێنا، ڕاســـتە هێزی دەرەکی یارمەتییانی دا بەڵام هەمـــوو لایەنێك باس لـــەوە دەکەن کە خودی خەڵکی»لیبیا»ڕژێمەکەی گۆڕی و هەمان شتیش سەبارەت بە»تونس»، بۆیە لەکۆتاییدا قورســـاییە گەورەکـــە دەکەوێتە ئەســـتۆی کۆمەڵگەو خودی وڵاتەکە خۆی.

**پێموایە پاش لادانی ڕژێمی «عەلەوییەکان» لە «سوریا» ئەوە تەواوی هاوسەنگییەکە لەناوچەکە دەگۆڕێت. لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پێکدادانی عەرەبی – ئیسرائیلی**

*** پێتوایە کەیسەکەی «سوریا» ئەگەری ســـەرهەڵدانی شـــەڕێکی ناوخۆیـــی لـــێ بکەوێتەوە؟**

- پێموایـــە دەکەوێتـــە شـــەڕێکی ناوخۆییەوە، هیـــچ گومانێکم لەوەدا نییە کە «ســـوریا»دەکەوێتە شـــەڕێکی ناوخۆیی و لەمبارەیەشەوە ناتوانم وەڵامێکی ڕوونتان پێ ببەخشم، لەبەرئەوەی چەندین فاکتەر لەئارادا هەیە بۆنموونە ئینشـــقاق لە ڕیزەکانی سوپای سوری بەردەوامەو هێرش بەردەوامە، هاوکات «دیمەشـــق»و «حەلەب» هێشتا بەتەواوەتی نەهاتوونەتە ناو شۆڕشـــەکەوە، ئەم دوو شارە دوو ناوەندی هەرەگرنگی هێزن بۆ




ڕژێمەکە، خاڵی سێیەم یەکڕیزی پارتی بەعس و هێزەکانی ئاسایش، بەتێپەڕبوونی کات ئەم هەموو فاکتەرانە بەشێوەیەکی تەدریجی ڕوو لە لاوازی دەکەن، بەڵام جارێ بەس نییە بۆ وەدیهێنانی گواستنەوە.

*** خاڵێکی زۆر گرنگ کە هەموانی نیگەران کردووە، بریتیە لە هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێی «سوریا»، خۆی لەخۆیدا پێویستە ئەو وڵاتانە ڕۆڵێکی گرنگ و پۆزەتیڤیان هەبێت لەڕووی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، وڵاتانی دراوسێی «سوریا» لۆمەی چەندین شتی جیاواز دەکەن و هەر یەکێکیان لەبەر چەندین هۆکار پاڵپشتی لە ڕژێمەکەی «سوریا» دەکەن، بۆنمونە ئەمڕۆ وڵاتێکی وەك «تورکیا» هێشتا هەڵوێستێکی ڕوونی نییە لەبەرامبەر «سوریا»، بەڕای تۆ ئایا تاچەند پێتوایە ئەم هەڵوێستەی وڵاتانی دراوسێی «سوریا» یاریدەدەرە لەسەر مانەوەی ڕژێمەکەی «ئەسەد» لە دەسەڵاتدا؟**

- چەندین هەڵوێستی جیاواز لەئارادا هەیە، بەڵام من لەگەڵتان هاوڕانیم لەبارەی ڕۆڵی «تورکیا» لەبەرئەوەی ڕۆڵەکەی «تورکیا» ڕۆژ بەدوای ڕۆژ توندتر دەبێت و ئەمڕۆ دەستیان کردووە بە جێبەجێکردنی سزای ئابووری لەسەر «سوریا»و ئەو شتەیش زۆر گرنگە، هەروەها لە هەوڵدانن بۆ هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دروستکردنی جۆرە ناوچەیەکی ئارام لەسەر سنوورەکان بۆ پەنابەرەکان و پێموایە ئەمەیش جۆرێکی دیکەیە لە فشاردانان، لەلایەنێکی دیکەوە کۆمکاری عەرەبی فشاری سەپاندووە لەڕووی سزای ئابووری و دیپلۆماتی کە ئەویش خۆی لەخۆیدا جۆرێکی دیکەیە لە فشار، بۆیە فشارەکان ڕوویان لە هەڵکشان کردووە لەسەر ڕژێمەکەی «سوریا»، بەڵام ئەم مەسەلەیە پێویستیی بەکاتێکی زۆر هەیە لەگەڵ قوربانیدانێکی زۆر.

*** ئۆپۆزسیۆنی کوردی هێشتا دڵنیا نییە لە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی سوری لەبارەی مافە ڕەواکانی کوردەوە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ ئۆپۆزسیۆنی سوری دان بە مافەکانی کورددا نانێت. بەڕای تۆ ئایا پێتوایە ئۆپۆزسیۆن ڕیزەکانی یەکبخات یان پێتوایە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەنێو خۆیاندا یەکبگرن بەبێ گۆڕینی هەڵوێستەکانیان لەبارەی پرسی کوردو مافەکانی کوردەوە؟**

- ئەمە پەیوەستە بە یەکێك لەو هۆکارانەی کە بۆچی شۆڕشەکەی «سوریا» وەك شۆڕشەکانی دیکە کاریگەر نییە، ئەویش بریتیە لەوەی کە بە چەندین کێشە گەمارۆدراوە، لە زۆربەی شۆڕشە سەرکەوتووەکاندا تەنیا یەك ئامانج هەبووە کە ئەویش بریتیە لە لادانی ڕژێمە شموولییەکان، بەڵام ئەگەر بێت و لایەنی دیکە ئیزافە بکەیتە سەر ئەو ئامانجە بۆنموونە وەکو مافی کەمینەکان و مافە ئایینییەکان ئەوە لەئاکامدا هەندێك جار بارودۆخەکان ئاڵۆزدەبنەوە لەبەرئەوەی هەندێك خەڵکی دەترسن لەوەی چوونەسەر ئەم جۆرە مەسەلانە لەوانەیە یەکپارچەیی وڵاتەکە بشێوێنێت، لەوحاڵەتەشدا شۆڕشەکە لەدژی ڕژێمەکە نابێت، بەڵکو ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت

**دەکرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەندێك فشار دروست بکات بۆنموونە لەڕێگەی کێشانەوەی باڵیۆزەکان و دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین و داخستنی ئاسمانی»سوریا»**

و لەدژی خودی وڵاتەکە دەبێت، بۆیە من پێموایە ئەمە شتێکە کە پێویستە ئۆپۆزسیۆنی سوری چارەسەری بکات و هەروەها پێویستە لەسەر کوردەکانی «سوریا» کەیسەکەیان بخەنەڕوو بەشێوەیەك کە مافەکانیان زامنبکات، بۆیە لەوانەیە لە «سوریا»ش بتوانرێت شتێك بکرێت بۆ کوردەکان هاوشێوە لەگەڵ ئەوەی کە بۆنموونە ئەمڕۆ لە «عێراق» هەیە، کاتێك ئێوە هاوسەنگییەکتان پاراستووە لەنێوان دەوڵەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان کە خودی کورد خۆی هەڵستاون بە پاراستنی زمانی کوردی و کەلتوور و ئابووری.

*** تاچەند پێتوایە ئەنجامەکانی کەیسەکەی «سوریا» کاریگەریی دەبێت لەسەر تێکڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- پێموایە گۆڕانکاریی گەورەی لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی پێش هەمووشتێك «سوریا» هاوپەیمانێکی بەهێزی «ئێران»ە لە ناوچەکەدا، بۆیە بەڕای من ئەگەر هات و گۆڕانکاری لە «سوریا» ڕوویدا ئەوکات گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانی «ئێران» ڕوودەدات و لەئاکامیشدا گۆڕین لە هەڵوێستی «حزبوڵڵا» لە «لوبنان»دەکەوێتەوە، هەروەها لەو بڕوایەدام کە هاوسەنگیش دەگۆڕێت لەناو خودی «عێراق» لەبەرئەوەی ئەمڕۆ لە «عێراق» تاڕادەیەك زۆرینەی «شیعە» زاڵە بەسەر عەرەبی «سوننە» و کوردەکاندا، بۆیە پێموایە پاش لادانی ڕژێمی «عەلەوییەکان» لە «سوریا» ئەوە تەواوی هاوسەنگییەکە لەناوچەکە دەگۆڕێت، لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پێکدادانی عەرەبی – ئسرائیلی، بۆیە گۆڕینی ڕژێمەکەی «سوریا» کاریگەریی دەبێت لەسەر باڵانسی هێزەکانەوە لەڕووی هەڵوێستی وڵاتەکان و هەروەها لەڕووی ناکۆکییەکانی ناوچەکەوە.

# هەژاری و ئاسەوارەکانی جەنگ لەعێراقدا هەڕەشەن لەسەر ژینگە

بەپێی دەزگای ناوەندیی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانان وهاوکاریی نێودەوڵەتی عێراقی دەرکەوتووە کە ڕێژەی لە٢٣٪ی دانیشتوانی عێراق لەخوار هێڵی هەژاریین، کەهێڵی هەژاریی تیایدا بە ٧٧٠٠٠ دینار بۆهەر تاکێك لە یەك مانگدا دیاریی کراوە، ڕێژەی بێکارییش لە ئاستی ١٥٪دایە

لەبارودۆخێکی ئاوادا زۆر زەحمەتە قسە لەسەر ژینگەو گەشەپێدان بکەین، چونکە پاراستنی ژینگە وەك چەمکەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و ...تاد، پێویستی زۆری بە کۆمەڵگەیەك هەیە کەلای کەمی پێداویستیە سەرەکیەکانی لە ژیاندا دابین کرابێت، هەر لەبەر ئەمەشە دەڵێن: دیموکراسیی پەیوەستە بە بووژانەوەی چینی ناوەند لە نێو کۆمەڵگەدا، چونکە ناکرێت زۆرینەی کۆمەڵگە هەژاربن و نەخوێندەواربن و ، لە هەمان کاتیشدا دیموکرات بن و لە چەمکە نوێیەکان تێبگەن.

پاراستنی ژینگەش لەبەردەم هەڕەشەی هەژاریدایەو، هەژاران ناپەرژێنە سەر خەمی پاراستنی ژینگە لە کاتێکدا ئەوان ئاوی خواردنەوەی پاکیان پێ ناگات و ، کاربایان نییەو، نەخوێندەوارن.

پێناسەی زۆر بۆ هەژاریی ونەبوونیی لەلایەن توێژەرانەوە کراوە کەدواجار گوتراوە:(هەژاریی بارودۆخێکی سەختی ژیانە لە نەبوونی و کەمدەرامەتی و بەدخۆراکیی و نەخوێندەواریی و نەخۆشیی و ژینگەی داڕووخاو، تێکڕای بەرزی مردنی منداڵانی شیرەخۆرە، تێکڕایەکی نزمی تەمەن).

دیاردەی هەژاریی لەسەر سێ کۆڵەگە دەوەستێت: بێکاریی، کەمیی کرێی کار، جیاوازیی گەورەی نێوان مووچەکان، ئەمە جگە لەنزمیی ئاستی ئاسایش و سەقامگیریی، دیاردەی تیرۆر.

دیارە کە خەڵکی هەژار لە سایەی ئەو پێناسەیەی سەرەوەو، لەبەر نەبوونیی و ، لە خەمی درێژەدان بە ژیانێکی سەختدا، بیر لە ژینگەو پاراستنی پێکهاتەکانی ناکەنەوە، بەڵکو هەژاریی ناچاریان دەکات بۆ سووتەمەنی و خۆ گەرمکردنەوە دار ببڕنەوەو، پاوانە سروشتییەکان بەکاربەرن و ، ئاوی ناتەندروست بخۆنەوەو، پاك و خاوێنی شوێنی ژیانیان بۆ ڕانەگیرێت و ، لە نێو پاشماوەی ڕۆژانەی خۆیاندا بژین و ، هەرکاتێکیش بەو ژیانە ڕازیی نەبن، ئەوا بەلێشاو ڕوو لە شارە گەورەکان دەکەن و ، هەمان ژینگەی ناتەندروست لە کەناری شارەکاندا دروست دەکەن و ، زیان بە ملیۆنەها خەڵك دەگەیەنن.

بەپێی (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆژینگە) لەکۆی (١٠) گرفت و لەمپەری بەردەم پاراستنی ژینگەدا، هەژاریی بە پلەی یەکەم دێت و، هەروەها لەکۆی خاڵەکانی پێشنیارکراو بۆ چارەسەری پیسبوونی ژینگە، دووبارە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریی هەر بەپلەی یەکەم دێت.


عەبدولڕەحمان سدیق

دەوڵەتێکی وەك عێراق کە دەرامەتی ساڵانەی تاك تیایدا (٤٢١٩) دۆلاربوو لەساڵی ١٩٧٩، ئەم بڕە لەساڵی ٢٠٠٦دا، بۆ (١٤٥٦) دۆلار دابەزی بۆهەرتاکێك. چونکە ڕێژەی هەڵاوسان هەر لەوساڵەدا گەیشتە (٥٣٪).

هەژاران وەك ئەنجامدەری پیسبوونی ژینگەن لەبەر نەبوونی و نەخوێندەواریی، هەر خۆشیان قوربانیی یەکەمی پیسبوونی ژینگەن، چونکە هەژاریی وەك ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارە، لە هەمان کاتیشدا هۆکارە بۆ کۆمەڵێك ئەنجامی دیکەی نەخوازراو.

ئەمڕۆ بە پەلەو بێ دواکەوتن پێویستە بارودۆخی هەژاران چاك بکرێت و ، خوێندەوار بکرێن و ، تواناکانیان بەگەڕ بخرێن، شوێنی نیشتەجێبوونی تەندروستیان بۆ دابین بکرێت، چونکە هەژاریی هەڕەشەیە لە ئاسایشی ژینگەو داوتریش لەئاسایشی نیشتمانیی بۆیە پێویستە چارەسەر ئەمە بێت:

یەکەم : نەهێشتنی هەژاریی پێش هەموو شتێك،بەباشکردنی دەرامەتی تاك و، خزموگوزاریی و، ریفۆرمی ئابووریی .

دووەم : پەلەکردن لەسڕینەوەی ئاسەوارەکانی جەنگ و، دووبارە شیاندنی زیانلێکەوتووانی بواری جەنگە زۆرەکانی عێراق.

سێیەم : کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ هۆشیاریی ژینگەیی و، چۆنیەتی مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ پاشماوەکانی جەنگدا.

چوارەم :-زیاد کردنی چینی ناوەند، چونکە هەژاری نەدارو دەوڵەمەندی لە ڕادەبەدەر هیچیان لە بیری پاراستنی ژینگەدا نابن، هەژاران لەبەر نەبوونی و ، دەوڵەمەندانی گەورەش لەبەر قازانج !!

پێنجەم :- چوونە نێو ڕێککەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و ئیمزاکردنیان لەلایەن عێراقەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم خاڵانەو هی دیکەشدا، دەتوانین لەعێراقدا بایەخی زیاتر بە پاراستنی ژینگە بدەین و، دەست بکەین بە بنیاتنانی تواناکان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی ژینگەیی.

# داوای لێبوردنەکەی ئەردۆغان بەرامبەر ڕووداوەکانی دەرسیم

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

لە کۆتاییەکانی سالانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا تورکیای کەمالی دڵڕەقانە ڕاپەڕینی کوردی لە دەرسیم سەرکوتکردو دواتر ناوی شارەکەی بە تونجەلی گۆڕی. ئەوەی لە دەرسیم ڕوویدا وەك بارێکی پڕ لە نیگەرانەوە بەسەر شانی تورکیاو بەتایبەتی کەمالیستەکان ماوەتەوە. دوایین "خۆدۆزینەوە"و مشتومڕ لەبارەی ئەم پرسەوە لە تورکیا دەرفەتی بە سەرکردە تورکەکان دا تاوەکو لەوە تێبگەن کە باووباپیرانیان ئەنجامیان دابوو. بەو پێیە، سەرۆك وەزیرانی ئێستای تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەم دواییە بۆنەکەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی داوای لێبوردن بکات لەبەرامبەر ئەوەی ڕوویدابوو، ڕەنگە ئەمەش بە ئامانجی دووبارە دەسپێکردنەوەی پرۆژە شکستخواردووەکەی بێت کە بریتی بوو لە کرانەوە بە ڕووی کوردا. هەرچۆنێك بێت، کەمالیستەکان بەشدارییان نەکرد. لەم ڕوانگەیەوە، پارتی جەهەپەی کەمالیستی نەك هەر تەنیا ئەم دەرفەتەی لەدەستدا، بەڵکو زۆر بە گەرم و گوڕییەوە باوەشی بۆ هەموو ئەو گوناه و تاوانانە کردەوە کە لەلایەن پێشینەکانیانەوە چەند دەیەیەك پێش ئێستا ئەنجام دران.

لەبەر کوردبوونیان، واتە لەبەر ئەوەی گرووپێکی "جیاواز"بوون لە ڕووی زمان، ئیتنیەت و ئاینییەوە، خەڵکی دەرسیم کرانە ئامانج. لە ساڵی ١٩٢٥ەوە بەرپرسە حکومییەکان ڕاپۆرتی جۆراوجۆریان ئامادەکردو خەڵکی دەرسیمیان بە لەیاسادەرچوو وەسفکرد کە دەبێت سزا بدرێن لەبەر ئەوەی هەڕەشەبوون بۆ سەر کۆماری تورکیای مۆدێرن کە لە لایەن کەمال ئەتاتورکەوە دروستکرا بوو. ئیدارەیەکی تایبەت بە دەرسیم دامەزرێنرا کە لە ژێر سەرپەرشتی فەرماندەیەکی سەربازیدا بوو و دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو.

پێش ساڵی ١٩٣٧ بە هەزاران کورد ڕاگوێزران بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیا وەك بەشێك لە جێبەجێکردنی یاسای

**دوایین ئۆپەراسیۆنی سوپا کە لە ساڵی ١٩٣٧ دەستی پێکرد، بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان، ١٤،٠٠٠ کەسی کورد کوژران و ١٢،٠٠٠ کەسیش ناچارکران ناوچەکە جێبهێڵن، ئەوەی ڕوویدا ڕەشەکوژی بوو**

نیشتەجێکردنی ساڵی ١٩٣٤. هەموو بەهارێك سوپا ئۆپەراسیۆنگەلێکی ئەنجام دەدات بۆ بێدەنگکرنی بەرهەڵستی ناوچەکە. دوایین ئۆپەراسیۆن کە لە ساڵی ١٩٣٧ دەستی پێکرد، بە پێی ئامارە ڕەسمییەکان، ١٤،٠٠٠ کەس کوژران و ١٢،٠٠٠ کەسیش ناچارکران ناوچەکە جێبهێڵن. ئەوەی ڕوویدا ڕەشەکوژی بوو. بە پێی قسەی ئیحسان سەبری کەچلیانگیل، کە ئەو کاتە پشکنەری پۆلیس بووە لە ناوچەکەو دواتر وەزیری کاروباری دەرەوە بوو، تەنانەت سوپای تورکی گازی ژەهراوی بۆ کوشتنی ئەو خەڵکانە بەکارهێنا کە لە ئەشکەوتەکاندا خۆیان حەشاردابوو. منداڵە هەتیوەکانیش بران.

کەمال کیلیچکارئۆغلۆ، سەرکردەی ئێستای جەهەپە، خەڵکی دەرسیمە، بەڵام ئامادەنەبووە داوای لێبوردن بکات لەو ڕۆڵەی پارتەکەی بینیویەتی لەم تاوانە قێزەونانەدا. ئەوەی تەنانەت زیاتر مایەی ئیحراجییە، هەوڵی هەندێ لە ئەندامانی جەهەپەیە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کارەی ئەنجامدرا. گوڵشەن بیلگەهان، ئەندامی پەرلەمانە لەسەر پارتی جەهەپە، نەوەی عیسمەت ئینۆنۆیە، کە جێگرەوەی کەمال ئەتاتورك بوو لەسەرکردایەتیکردنی




تورکیا. بەو پێیەی، ئینۆنۆ لە نێو ئەو کەسانە بوو کە لەگەڵ سیاسەتی جەهەپە بوو بەرامبەر دەرسیم لە ساڵانی بیست و سییەکاندا. لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییەدا، بیلگەهان ئیعترافی بەوە کرد ئەو شێوازەی گیرایەبەر بۆ چارەسەرکردنی پرسی دەرسیم ناگونجێت لەگەڵ تێگەیشتنی هاوچەرخ بۆ مافەکانی مرۆڤ. هەرچۆنێك بێت، ئەوەشی وت کە"لەوکاتەدا هیچ ڕێگایەکی دیکە نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. پێم وایە باشتر بوو لە دەرئەنجامەکە بڕوانین. کە بریتیە لەوەی خەڵکی تونجەلی لە ئێستا (دەرسیم) ئیدارەیەکی باشتریان هەیە، پەروەردەیەکی باشتریان هەیەو باشتر پابەندن بە دیموکراسیەوە." کەواتە لە ئێستاشدا، کەمالیستەکان بەرگری دەکەن و پاساو دەهێننەوە بۆ ئەوکارەی کردویانەو کە ناویان لێناوە" ئەرکی مەدەنی".

ئەگەرچی ئاك پارتی بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان بە عەمەلی لە سەدا ٥٠ی دەنگی خەڵك و زیاتر لە ٣٢٦ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا، لە کاتێکدا پارتی مەیلدار بۆ کورد بەدەپەو هاوپەیمانەکانی ٣٦ کورسییان لە هەڵبژارنە پەرلەمانیەکەی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١١ بەدەستهێنا کە پێوانەیی بوو، ئەوا بە خێرایی هیواکان بە پرۆژەیەکی نوێ و سەرکەوتوو بۆ کرانەوە بە ڕووی کورددا لەبەر چەند هۆکارێك هەڵوەرین. بۆ نموونە، هەر زوو دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەندام پەرلەمانە تازەهەڵبژێردراوەکانی بەدەپە دەستیان بە موقاتەعەکردنی پەرلەمان کرد وەك نارەزاییەك لەبەرامبەر زیندانیکردنی پێنج هاوەڵی هەڵبژێردراویان، لە کاتێکدا شەشەمیان (کە کەسێکی ناسراوە-خەتیب دیجلە) ئەندامێتی لێسەندرایەوە بە بیانووی ئەنجامدانی تاوانی " تیرۆریستی". قەزا ڕازی نەبوو بە ئازادکردنی هیچ یەکێك لە شەش سیاسەتمەدارەکەی بەدەپە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەندامە مەحەلیەکانی کەچەکە هێشتا لە زینداندان بە بیانووی هەبوونی پێوەندی بە پەکەکەوە.

**لە چاوپێکەوتنێکی ئەم دواییەدا، بیلگەهان کە نەوەی عیسمەت ئینۆنۆیە ئیعترافی بەوە کرد ئەو شێوازەی گیراوەتەبەر بۆ چارەسەرکردنی پرسی دەرسیم ناگونجێت لەگەڵ تێگەیشتنی هاوچەرخ بۆ مافەکانی مرۆڤ**

سەرۆك وەزیرانی تازەهەڵبژرێدراو ڕەجەب تەییب ئەردۆغان پشتی لە بەڵێنەکانی پێشووی کرد بەوەی تێدەکۆشێت بۆ دروستکردنی کۆدەنگییەك بۆ دارشتنی دەستورێکی نوێ کە یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، پێوەندی لەگەڵ بەدەپەدا پچڕاندو بەردەوام بوو لەسەر ڕاگەیاندنی ئەوەی کێشەی کورد چارەسەرکراوەو تەنیا کێشەی پەکەکە ماوە. چۆن حکومەتی ئاك پارتی ئەتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکات ئەگەر ئامادەنەبێت لەگەڵ گفتوگۆکارە سەرەکیەکەدا مامەڵە بکات؟

لە مانگەکانی دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا. پێدەچوو بەڵێنەکەی ئەردۆغان بە نوێکردنەوەی پرۆژەی کرانەوە بە ڕووی کوردا بەڵێنێکی مردوو بێت. دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین کە ئایا داوای لێبوردنی ئەم دواییەی ئەردۆغان لەبەرامبەر ڕووداوەکانی دەرسیم دەبێتە هەنگاوی یەکەم لە نوێکردنەوەی پرۆژەی کرانەوە بە ڕووی کورددا. ئەگەرچی دۆخی ئێستای تورکیا زۆر ئۆمێدبەخش نییە، بەڵام هەندێ جار تاریکترین ساتەوەختەکان دەکەونە پێش بەرەبەیانەوە.

# بەچارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا

لەو کاتەوەی تورکیا سیاسەتێکی نەرم لەسەر ئاستی دەرەوە پیادە دەکات، پێگەی تورکیا وەك دەوڵەتێکی ئیقلیمی بەهێز گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو ئابووری تورکیاش گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەو ڕۆڵەی تورکیا ئومێدی بۆ دەخوازێت پەیوەستە بەچارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی کە کێشەی کورد لەهەموویان بەرچاوترە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە د.زەکی سیرگل مامۆستای زانستی سیاسەت لەزانکۆی بلیکنت لەئەنکەرا کرد، لەمبارەوە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: (ئەوەی دەمەوێ لەبارەی ئەم پرسیارە بیخەمەڕوو ئەوەیە کە «تورکیا» هەوڵیداوە بۆ ئەوەی کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات، هەڵبەتە هەروەك کە ئێوەیش ئاماژەتان پێکرد یەکێك لەکێشەکان کێشەی کوردە، بۆیە هەتا «تورکیا» نەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی خۆی چارەسەربکات، ئەوە زۆر زەحمەت دەبێت بۆ «تورکیا» ڕۆڵێکی گەورەتر لەناوچەکەدا بگێڕێت، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە کێشەی کورد یەکێکە لەتەحەددا هەرە سەرەکییەکان لەبەرامبەر تورکیا، بەتایبەتی لەچەند ساڵی ڕابردوودا، هەرچەندە جۆرە «ئاگربەست»ێك هەبوو لەنێوان هێزەکانی ئاسایش و «پ.ك.ك» لەنێوان ساڵانی ١٩٩٩ – تاکو ٢٠٠٥، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٥ـەوە هەستمان بەهەڵکشانی پێکدادان کرد لەنێوان هەردووك لەلایەنەکان بەتایبەتی لەم هاوینەدا کە ئاستێکی بەرز لەپێکدادان ڕوویدا و قوربانیی لێ کەوتەوە، بۆیە کێشەی کورد هێشتا بەردەوامە و نازانم تاچەند دەستووری نوێ ئەم کێشەیە چارەسەردەکات، کێشەکە تاکو ئەمڕۆیش بەردەوامە و ڕێکخراوێك هەیە بەناوی «پ.ك.ك» کە هێشتا چالاکە، بۆیە ئەم جۆرە گرفتانە سنووری داناوە لەبەردەم تواناکانی «تورکیا» لەناوچەکە)).

هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکان گرنگن، بەڵام لەوە گرنگتر بەردەوامی هەنگاوەکانە بەو ئاراستەیە هەتا ئەگەر ئەو هەنگاوانە خاو و لەسەر خۆبوون، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا هەنگاوی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بەداوای لێبوردن لەکۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم لە یە کد و و هە فتە ی ڕابردوو، هەنگاوێکی دڵخۆشکەر بوو بەوەی هەوڵەکان بەئاراستەی چارەسەری کێشەکان بەردەوام بن، لەم مبارەوە د.زەکی سیرگل لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان لەمبارەوە وتی: (سەبارەت بەڕووداوەکەی دەرسیم، بەڕێز ئەردۆگان سەرۆك وەزیرانی تورکیا ئاماژەی بەوەکرد کە دەوڵەتەکەی لەڕابردوودا هەڵەی بەرامبەر کوردە نیشتەجێبووەکانی ناوچەکە کردووە، بۆیە وتی



**لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی پێویستە لەسەر دەوڵەتی تورکیا وەڵامدانەوەی بۆ هەندێك لەداواکارییەکانی کورد هەبێت**

# دەتـــوانێـت بەهێزتـر خۆی پێنـــاسە بکاتەوە

«دەمەوێ داوای لێبوردن بکەم لەوبارەیەوە»، بەڵام ئەوە ڕەفتارێکـــی ڕەمزمییە و نازانم تاچەند ئەو شـــتە کێشەکە چارەسەر دەکات لەبەرئەوەی کێشەی کورد کێشەیەکی ڕەمزی نییە لەبەرئەوەی هێشتا خواستی هەڵپەستراوی کورد لەئارادا ماوە، بۆیە ئەو پرسیارەی کە هێشـــتا وەڵامی نییە ئەوەیە کە ئایا تاچەند دەوڵەتی «تورکیـــا» وەڵامدانەوەی دەبێت بۆ ئەو خواســـتانە؟ بەڵام دەستپێشخەرییەکە لەداوا لێبوردن لە»دەرســـیم» هێشتا هەنگاوێکـــی زۆر بچووکـــە و باوەڕناکـــەم لـــەڕووی چارەســـەرکردنی کێشـــە کە کاریگەرییەکـــی ئەوتـــۆی هەبێـــت، بۆیە لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی پێویستە لەســـەر دەوڵەتی تورکیـــا وەڵامدانەوەی بۆ هەندێـــك لەداواکارییەکانی کـــورد هەبێت، بۆنموونە لەڕووی داواکارییەکانیان لەبارەی مافی زمان لەگەڵ بەهێزکردنی ئاســـتێك لەئیدارەی لۆکاڵ ئەمانە و وێڕای چەندین داواکاریـــی دیکـــە. لایەنێکـــی دیکە کە ئاماژەتانپێکرد، دەستپێشخەرییەکەی پارتی «عەدالـــەت و گەشـــەپێدان» و کرانەوەی دیموکراسی لەبەرامبەر دەستپێشخەریی کورد لەســـاڵی ٢٠٠٩ هەروەها لەهەڵبژاردنەکاندا لەســـاڵی ٢٠١١، ئاڕاســـتەکان گـــۆڕاوە لـــەڕووی ڕەفتارەکانـــی پارتی «عەدالەت و گەشـــەپێدان» بەرامبەر کێشـــەی کورد، بەشێوەیەك کە دەبینین دوورکەوتنەوە هەبووە لەڕەفتـــاری لیبراڵ و دیموکراسی و زیاتر هەنگاوی ناوە بەرەو «وتاری موتەحەففز و ناشناڵیست)).

بۆ ئـــەوەی ئەم هەنگاوانـــە لەهەنگاوی ڕەمزییـــەوە ببنـــە هەنـــگاوی پراکتیکی، پێویستە وتووێژ لەنێوان لایەنە پێوەندارەکانی کێشـــەکە دەســـت پێبکات، ســـەبارەت بەم هەنـــگاوە بـــۆ چارەســـەری ئاشـــتیانەی کێشـــەی کورد د.ســـەرگیل وتی: (پێشتر حکومەتی تورکیـــا هەنگاوی بۆ دیالۆگ هەڵگرتووە، بەپێی ئـــەو هەواڵانەی کە بەم دواییانەدا دزەیانکردووە، دەرکەوت حکومەت گفتوگۆی لەگـــەڵ «پ.ك.ك» کردووە، هەرچەندە حکومەت ئەو شـــتەی ڕەتکردەوە بەڵام پاشـــان «ئـــەردۆگان» دانی پێداناو وتی ئەگەر دەتانەوێ کێشەکە چارەسەربکەن ئـــەوە پێویســـتە گفتوگۆ بکەن، شـــتێکی ئاســـاییە لەگەڵ ڕکابەرەکەت بدوێیت، بۆیە ئەو ڕاستییە ئاشـــکراکرایەوە کە حکومەت چەندین جار قســـەی لەگەڵ «پ.ك.ك» کـــردووە، تەنیـــا «MHP» لەمبارەیەوە کاردانەوەی هەبوو، بەڵام بەو ئاستە نەبوو کە لەدژ حکومەت بوەستێت بەهۆی دەستکردنی بەپێوەندیکردنی لەگەڵ «پ.ك.ك»، بۆیە بەلامەوە ئاســـاییە گەر لەئایندەدا پێوەندیی دیکە لەنێوانیاندا ڕوودات، هاوکات پێموایە حکومەت لەو ڕاســـتییە تێـــدەگات کە ئەگەر بتەوێ کێشەکان چارەسەربکەیت، ئەوە پێویستە لەگەڵ لایەنی بەرامبەر بدوێـــی، ئێســـتایش لەبەرئـــەوەی کاردانەوەیەکی سنووردار هەیە لەبەرامبـــەر حکومـــەت لەبارەی ئەو



**تورکیا تا نەتوانێت کێشە ناوخۆییەکانی خۆی چارەسەربکات، ئەوە زۆر زەحمەت دەبێت ڕۆڵێکی گەورەتر لەناوچەکەدا بگێڕێت**



مستەفا کیبار ئۆغلۆ بۆ گوڵان:

# پارتی داد و گەشە پێدان هەنگاوی زۆر بەرچاوی گرتۆتەبەر لە پێناو کۆتایی هێنان بەو دوژمنایەتییە مێژووییەی نێوان «تورکیا» و دراوسێکانی

ڕەفتارانەی، بۆیە پێموایە ئەمڕۆ دەرفەتی باشتر هەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەکە، لەلایەنێکی دیکەوە دەستووری نوێ لەئارادا هەیە و ئەمڕۆ لەوڵاتدا پرۆسەیەك هەیە بۆ نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ و هەموو لایەنەکان لەپەرلەمان و کۆمسیۆن نوێنەریان ناردووە بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسێك بۆ دەستووری نوێ، بۆیە پێموایە کە ئەمەیش دەرفەتێکی گرنگە لەڕووی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەکە)).

### تورکیا وەك پردێك لەنێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا

ئەو ڕۆڵەی ئێستا تورکیا لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی دەیگێڕێت، لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگە، بەڵام دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەتر ببینێت، سەبارەت بەم

لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مستەفا کیبار ئۆغلۆ سەرۆکی بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانلەزانکۆی ئۆکان (OKAN) لەئەستەنبوڵ کردوو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە و وتی: ((«تورکیا» یەکێکە لەوڵاتە هەرە بەتواناکانی ناوچەکە لەڕووی قەبارەی ئابووری و ژمارەی دانیشتوانی و هەروەها سوپایەکی بەهێزی هەیە، هەربۆیە، زۆر ئاساییە وڵاتێك وەکو «تورکیا» ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەناوچەکە لەڕوانگەی دەستپێشخەری بۆ چەسپاندنی سەقامگیری لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی دەرەوەی «تورکیا» لەژێر حوکمڕانیی پارتی «داد و گەشەپێدان» کە ناسراوە بە»سفرکردنی کێشەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ» بەشێوەیەکی ڕەها گونجاوە لەگەڵ پرەنسیپە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی «تورکیا» کە بریتییە لە»ئاشتی لەنیشتمان و ئاشتی بۆ جیهان» کە لەساڵانی ١٩٢٠ـەوە دانراوە. من ئەمە بەئامانجێکی گرنگ دەژمێرم بۆ وەدیهێنانی، ئەمە لەکاتێکدا وەدیهێنانی زۆر زەحمەتە لەناوچەیەکی نالەبار وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. وێڕای ئەوەیش پارتی «داد و گەشەپێدان» هەنگاوی زۆر بەرچاوی گرتۆتەبەر لەپێناو کۆتایی هێنان بەو دوژمنایەتییە مێژووییەی نێوان «تورکیا» و دراوسێکانی لەڕێگەی واژۆکردنی ڕێککەوتنی زۆر ئاستبەرز لەڕووی پتەوکردنی هەماهەنگی و هاوکاری لەبارەی کێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. وێڕای ئەوەیش، بەهۆی کێشەی ناوخۆیی وڵاتەکان بۆنموونە وەکو «ئێران» و «سوریا» کارەکە بۆ «تورکیا» زەحمەت بووە بتوانێت ئاستی ئەو پێوەندییانەی بپارێزێت کە تەنیا تاکو یەك ساڵ بەرلەئێستا وەدیی هێنابوو. هەتا کێشەکانی «ئێران» لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا بەردەوام بێت و بارودۆخی ناوخۆیی «سوریا» پەرە بەخۆیەوە نەبینێت، ئەوە زەحمەتە پێشبینیی شتی زۆر لەدەستپێشخەرییەکانی «تورکیا» بکرێت. بەڵام بەهۆی مەوقعە جوگرافییەکەیەوە، «تورکیا» دەتوانێت بجووڵێتەوە، ئەمڕۆ لەسەردەمی پاش شەڕی سارد-دا بۆتە پردێك لەنێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەندامێتیی «تورکیا» لەڕێکخراوەکانی ڕۆژئاوا وەکو «هاوپەیمانی ناتۆ» و «ڕێکخراوی ئاسایش و هەماهەنگی» و «ئەنجوومەنی ئەورووپا» ...و تاد. لەگەڵ دەرفەتی وەدەستهێنانی بۆ ئەندامێتییەکی تەواو لە»یەکێتی ئەورووپا» ئەو هەلەی بۆ «تورکیا» فەراهەمکردووە پەیام ئاراستە بکات بەرەو هەردووك لەئاراستەکان لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات. «تورکیا» لەهەموو چاودێرێکی ڕۆژهەڵاتی دیکە زۆر باشتر تێدەگات لەکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها لەزۆربەی شیکەرەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باشتر لەڕوانگەی ڕۆژهەڵات تێدەگات، ئەمە ئامرازێکی بەهێزە بەو مەرجەی بەشێوەیەکی ڕێك و بەمەبەستێکی باش بەکاربهێندرێت. پێموایە لێرەدا گونجاوە گەر بیڵێم «تورکیا» ویستی تواناکانی بخاتەگەڕ لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی «فەڵەستین» و هەروەها بۆ ناکۆکییەکان لەڕووی بەرنامە ئەتۆمییەکەی «ئێران». شتەکە لەبەرژەوەندیی هەموو لایەك دەبێت گەر هاوکاریی «تورکیا» بکرێت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی لەڕووی بەرزڕاگرتنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی)).



د.زەکی سیرگل بۆ گوڵان:

# ئەردۆگان دەڵێت ئەگەر دەتانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەن پێویستە گفتوگۆ بکەن

## ئەندامیەتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا

پرۆفیسۆر مسەفا کیبار ئۆغلۆ سەبارەت بەئەندام نەبوونی تورکیا هەتا ئێستا لەیەکێتی ئەوروپا هۆکاری دیکەی هەیە و پێوەندی بەهەنگاوەکانی تورکیاوە نییە، بەڵکو مەسەلەی بە ئەندام نەبوونی تورکیا پێوەندی بەهەڵویستی وڵاتانی ئەوروپاوە هەیە لەبەرامبەر تورکیا، لەمبارەوە بەمجۆرە ئەم پرسەی بۆ گوڵان خستەڕوو: (بێگومان بەدیموکراتەزەکردن یەکێك بەپێوەرە هەرەگرنگەکان لەڕووی بەئەندامبوون لە»یەکێتی ئەوروپا». لەمڕووەوە دادەنرێت، «تورکیا» هەڵستاوە بەجێبەجێکردنی پرۆسەیەکی گشتگیر لەپێناو گرتنەبەری ئیجرائاتی یاسایی و دەستووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی پێویست بۆمەبەستی بەرەوپێشەوەبردنی وڵات بەرەو ئاڕاستەیەکی دیموکراسیتر لەوەی کە پێشتر هەیبووە لەپێناو خۆگونجاندن لەگەڵ پێوەرەکانی «یەکێتی ئەوروپا». لەڕاستیدا، ئەم ئیجرائاتانەی حکومەتی تورکی پیادەیان دەکات، بەشێوەیەکی سەرەکی و پێش هەمووشتێك، لەگەڵ پێشبینییەکانی هاووڵاتیانی «تورکیا» یەك دەگرنەوە، ئەمە لەکاتێکدا هاووڵاتیانی «تورکیا» بریتین لەچەندین پێکهاتەی جیاواز. وێڕای هەموو شتێکی دیکە، پەرلەمانی ئێستا کە پاش هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ساڵی ٢٠١١دا هەڵبژێردرا، بڕیاریداوە بۆ هەموارکردنی دەستوورەکەی ساڵی ١٩٨٢ بەتەواوەتی، کە لەژێر حوکمڕانیی ڕژێمی سەربازی تەبەنناکرابوو، هەروەها بۆ بەرهەمهێنانی دەستوورێکی نوێ بە بەشداربوونی هەموو لایەنەکانی پەرلەمان و بەهاوکاری گرووپەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان...و تاد. لەلایەنێکی دیکەوە ئابووریی «تورکیا» بەشێوەیەکی بێهاوتا پەرەی سەندووە، بەشێوەیەك کە زۆر باشترە لەئابووریی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا. ئەگەر هەر وڵاتێکی ئەوروپی بەم شێوەیە چالاك بوایە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەوە پێشوەختە و لەماوەیەکی زۆر کورتدا دانی پێ دەنرا لە»یەکێتی ئەوروپا». بەهەرحاڵ، لەبەر چەند هۆکارێك هەندێك لەوڵاتە ئەوروپییەکان ڕێگری دەستکرد دەخوڵقێنن لەپێناو هێشتنەوەی «تورکیا» لەدەرەوەی «یەکێتی ئەوروپا» (بەڵام وێڕای ئەوەیش گەیشتۆتە کەنار) لەبەر چەند هۆکارێکی سەرەکی لەڕووی کەلتوری (لەپێش هەمووشیان ئایین). ئەمە نە شتێکی لۆژیکە و نە پەسەندە کە «تورکیا» ڕووبەڕووی ئەم جۆرە بەرهەڵستکاریە بێتەوە. بەڵام وێڕای ئەوەیش، پێویستە «تورکیا» کۆڵنەدات لەوەدەستهێنانی ئەندامێتیی «یەکێتی ئەوروپا» و پێویستە هەوڵبدات وێڕای هەموو بەربەستەکان و ئەوەی لەتوانایەتی بیکات).



دکتۆره سەلام سمێسم بۆ گوڵان:

# هەتا ئێستا حیسابی کۆتایی بودجەی ٢٠٠٩ پەسەند نەکراوە وا بودجەی ٢٠١٢ دادەنێن

**دکتۆره سەلام سمێسم پسپۆڕی ئابووریيە لەئەميندارێتی گشتی ئەنجوومەنی وەزيرانی حکومەتی عێراق و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەئابووری ئیسلامی و فەلسەفەی ئابووری، بۆ قسەکردن لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی عێراق و ئەو بودجەی لەبەردەستی حکومەتی عێراقە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆرە سەلام سمیسم کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**



*** بەپێی ژمارەی دانیشتووان بودجەی عێراق زۆرە، بەڵام لەئاست خزمەتگوزارییەکاندا زۆر لاوازە، ئایا بەڕای تۆ هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- وەك پسپۆڕێکی ئابووری پێموایە کێشەکە لەفەلسەفەی بەڕێوەبردنی بودجەکە و خەرجکردنی پارەکاندایە، ئێستاش هەمان پارەی پێشووتر تەرخان دەکرێتەوە، بەڵام ئێمە تەنیا بابەتەکانمان گەورە کردووە، بەبێ ئەوەی ئەم پارانە چاویان پێدا بخشێنینەوە و بەشێوەیەکی دیکە ئاڕاستەیان بکەین، کە ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی گەشەپێدان بێت، تا ئێستا بودجەکە لێڵە و خزمەت بەسەربازیکردنی ئابووری دەدات، بودجەیەکە تەنیا پشت بەداهاتەکانی نەوت دەبەستێت و بەهیچ شێوەیەك خزمەت بەکەرتی بەرهەمهێنان ناکات، تەنانەت بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری و پێگە سەرەکییەکانی دەوڵەتیش، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر ترسناکە و پێویستی بەچاو پێداخشاندنەوەیەکی وردی ئەو کەسانە هەیە کە بودجەکە دادەنێن، هیوادارین پەرلەمان بیر لەڕەهەندە ئابوورییەکان و ئەو قۆناغەی ئێستای عێراق بکاتەوە بەمەبەستی دانانی ستراتیژییەتێکی ئابووری بۆ عێراق لەڕێگای بودجەوە.

*** ئایا بەڕای تۆ وەك پسپۆڕێکی بواری ئابووری لەناوەندێکی گرنگدا پێتوایە چاوی پێدابخشێنرێتەوە؟**

- پێویستە چاو بەم بودجەیەدا بخشێنرێتەوە، هەروەها پێویستە سەیری حسابی کۆتایی بودجەی ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ بکرێت بۆ ئەوەی بزانین تاچەند سەرکەوتوو بووین بۆ ئەوەی سوود لەهەڵەکان وەربگرین و لەبودجەی ٢٠١٢ خۆمانی لێ دوور بخەینەوە و دووبارە نەکرێنەوە، من نازانم بۆچی دیانەوێ خۆیان لەمەسەلەی حیساباتی کۆتایی بدزنەوە، پەرلەمان تەنیا پێداچوونەوەی حیساباتی کۆتایی ٢٠٠٨ی پەسەند کردووە، حیساباتی کۆتایی ٢٠٠٩ خراوەتە ڕوو بەس تا ئێستا پەسەند نەکراوە، ئەگەر پێداچوونەوەیەکی وردی ئەم حیساباتانە بکرێت بۆمان دەردەکەوێت ئایا ئەوەی تەرخان کراوە لەڕێگای ڕاست و تەواو دیاریکران یان نا، چونکە بەرزکردنەوە و زیادکردنی مووچە و دەرماڵەکان بەهیچ شێوەیەك سوود بە ئابووری عێراقی ناگەیەنێت.

**تا ئێستا بودجەکە لێڵە و خزمەت بەسەربازیکردنی ئابووری دەدات، بودجەیەکە تەنیا پشت بەداهاتەکانی نەوت دەبەستێت و بەهیچ شێوەیەك خزمەت بەکەرتی بەرهەمهێنان ناکات**

*** تۆ ئاماژەت بەوەکرد ئابووری عێراق تەنیا پشتی بەداهاتی نەوت بەستووە و سەرچاوەی داهاتی دیکەی نییە، ئایا ئابووری عێراق هیچ مەترسییەکی لەسەرە، کە تەنیا پشت بەداهاتەکانی نەوت ببەستێت؟**

- بێگومان ئەمە گەورەترین مەترسییە کە ئێمەی کردووە بەولاتێك پشت بەداهاتێکی دیاریکراو دەبەستێت، ئەگەر ئەمڕۆ نرخی نەوت دابەزێت عێراق چی بەسەر دێ، هاوولاتیی عێراق بژێوی ژیانی بەچی دەگات، بۆیە من مکورم لەسەر قسەی خۆم کە پێویستە بەشێکی بودجە بۆ کەرتەکانی گەشەپێدان تەرخان بکرێت، بەجۆرێك جگە لەنەوت ئێمە چەند کەرت و بوارێکی دیکەمان هەبێت بۆ پشت بەستن پێی لەدابینکردنی بودجەی عێراق لەپاڵ نەوت بۆ ئەوەی رێگا لەحاڵەتی رەمەکی گەشەی ئابووری عێراق بگرین تا دەکەوێتە سەر ڕێڕەوی سروشتی خۆی.

***چۆن دەروانیە پاشەڕۆژی ئابووری عێراق؟**

-سەرەرای ئەوەی باسم کرد من زۆر گەشبینم، چونکە زوو یان درەنگ وەبەرهێنەری زیاتر دێن بۆ عێراق و لەعێراقیش زەمینەیەکی لەبار و ژینگە و زەوییەکی بەپیتی هەیە بۆ وەبەرهێنان، هەرچەند ئەم پرۆسەیە پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە، بەڵام من گەشبینم سەبارەت بەپاشەڕۆژی ئابووریی عێراق.

*** پێتوایە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو ئاستی لێهاتووییدان بۆئەوەی ئابووری عێراق هەڵسێننەوە و گەشەی پێبدەن، بەتایبەتی لەلایەنی خزمەتگوزارییەکانەوە؟**

- لێرەدا دوو مەسەلە هەیە یەکەمیان ئەوەیە ئەو توانا و پسپۆرانەی کە لەبەردەستماندایە بەشێوەیەکی راست و دروست بەکارمان نەخستوون، هەروەها هەندێك کەرت و بوار هەیە کە بەدەست کەمی توانا و چۆنیەتی ئاراستە کردنیانەوە دەناڵێنن کە پێوەندی بەلایەنی مەعریفییەوە هەیە، بۆیە پێویستە پشت بەتوانا و پسپۆڕێتی و شەراکەتی بیانی ببەستین بەتایبەتی لەبواری کۆمپانیاکانەوە، هەروەها کرانەوەی زیاتر بەرووی جیهانی دەرەوە، ئەمانە دەبنە هۆی پتەوکردن و بەهێزکردنی پێوەندی و شەراکەتمان لەگەڵ جیهانی دەرەوە و لەئەنجامیشدا دەبێتە هۆی بەهێزکردن و گەشەپێدانی ئابووری عێراق.

*** وەك پسپۆرێکی ئابووری چۆن دەروانیتە تەجروبەی ئابووری لەهەرێمی کوردستان؟**

- بەڕاشکاوانە دەڵێم هەرێمی کوردستان بەیاسایەکی گونجاو توانیویەتی چالاکی ژیانی ئابووری پتەو بکات، ئەمەش کارێکی زۆر پێویستە زۆر جار بەمنیان گوتووە بۆچی تەنیا جەخت لەسەر مەسەلەی وەبەرهێنان دەکەمەوە لەهەرێمی کوردستان، چونکە لەکوردستان چەند یاسایەك هەیە کە زامنی ژیانی ئابووری دەکات و پرۆسەکە بەگشتی بەپێی چەند یاسایەکی دانراو و پلان بۆ دارێژراو بەرێوەدەچێت، ئەمەش وا دەکات هەر کەسێك بتوانێت شوێنی خۆی لەم یاسایانەدا بدۆزێتەوە ئەگەر وەبەرهێنەر بێت یان وەبەرهێنەر نەبێت، بۆ نموونە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ لەکوردستان سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام لەبەغدا سەرکەوتوو نییە بۆچی؟ چونکە دارشتنەوەی تەواوی یاساکان و ئەو باروودۆخە ئەمنییەی کە لەکوردستان هەیە دەبێتە هۆی داهێنان و بەرهەمهێنان و خوڵقاندنی شتی کاری نوێ.

لەدوای ٢٠٠٣ەوە لەعێراق پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتێکی نوێ بەهەموو ماناکانییەوە لەئارادایە کە هەموو شتێك تێدا پێشینەی هەیە، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و پێوەندی راستەوخۆی بەژیانی رۆژانەی خەڵکییەوە هەیە و پێویستی بەرێکخستنێکی فکری و شارستان و مەعریفی و بەهای نوێ هەیە، ئەمە سەرەرای ئەوەی دەوڵەتی نوێ مافەکانی هاوولاتی دەکەوێتە سەر شان، ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئابووری و هەمووشمان باش دەزانین کە پرۆسە ئابوورییەکان نابێ بەشێوەیەك رەمەکی و سەرەرۆیی ئەنجام بدرێن، بەڵکو پێویستیان بەخێراییترین رێگا هەیە بۆ چارەسەرکردنی، لێرەوش پێویستی بە رووبەڕووبوونەوەی تەحەداکان هەیە، بۆیە من گەشبینم و لەکۆتاییدا لەبەرژەوەندی گەلی عێراقدا دەشکێتەوە، بەڵام ئەمە کاتێکی زۆری دەوێ.

**هەرێمی کوردستان بەیاسایەکی گونجاو توانیویەتی چالاکی ژیانی ئابووری پتەو بکات، لەکوردستان چەند یاسایەك هەیە کە زامنی ژیانی ئابووری دەکات و پرۆسەکە بەگشتی بەپێی چەند یاسایەکی دانراو و پلان بۆ دارێژراو بەرێوەدەچێت**

**ئەو توانا و پسپۆرانەی کە لەبەردەستماندایە بەشێوەیەکی راست و دروست بەکارمان نەخستوون، بۆیە پێویستە پشت بەتوانا و پسپۆرێتی و شەراکەتی بیانی ببەستین بەتایبەتی لەبواری کۆمپانیاکانەوە**

*** بەپێی راپۆرتەکان بودجەی عێراق لەسەردەمی بەعس تەنیا ١٠٪ی بۆ گەل بوو، کەچی بەپێی راپۆرتە هەواڵەکان میزانیەی ٢٠١٢ دەگاتە زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار، چۆن بەراوردی ئەم دوو حاڵەتە دەکرێ؟**

- هۆکارەکان زۆرن، بەڵام من وەك توێژەر و پسپۆرێکی ئابووری دووبارەی دەکەمەوە مەسەلەکە پەیوەستە بەبۆچوونی ئابووری و بەرنامەی ئابووری حکومەت، ژمارە و داتاکان لای من زۆر گرنگ نین، گرنگ ئەوەیە ئەم پارانە بۆ کوێ دەڕۆن. من بروام بەوە هەیە (پێم بڵێ چۆن خەرجی دەکەی، پێت دەڵێم چۆن بیر دەکەیەوە) ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، ئەگەر میزانیە ٢٠٠ ملیاریش بێت، بەڵام بەرنامە و پلانێکی دارێژراو نەبێت بۆ خەرج کردنی ئەوا هیچ سوودی نییە.

# شکستهێنانی سیاسەتی ناوخۆی حکومەتی نوری مالیکی

لەسەروبەندی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق و لەسەروبەندی نزیکبوونەوەی ساڵ لەکۆتایی، تا دێ زۆرتر بەڵگە لەسەر شکست هێنانی سیاسەتی ناوخۆی حکومەتی سەرەك وەزیران نوری مالیکی کەڵەکە دەبێ. شکستی حکومەت یەك بواری نەگرتۆتەوە. لەپێوەندیدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کێشە هەڵپەسێردراوەکان هەر بەهەڵپەسێردراوی ماونەتەوەو هیچ هەنگاوێکی واش نەنراوە کەئومێدی نزیکبوونەوەی چارەسەری لەسەر هەڵچنرێ. هیچ کاتێکیش بەقەد ئەمساڵ، پێوەندیی نێوان سوننەو حکومەت گرژیی بەخۆوە نەدیوە. حکومەت تەنانەت کێشەکانی لەگەڵ رکابەرە سەرەکییەی خۆی کەلیستی عیراقیەی ئەیاد عەللاوییە، هەر بەهەڵپەسێردراوی هێشتۆتەوەو هێشتا رێککەوتنی هەولێر بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە. مالیکی سەرەڕای ئەوەی کەپێکهێنانی حکومەتی پێ سپێردراوە، هێشتا دوو وەزارەتی بەبێ وەزیر هێشتۆتەوەو نایەوێ یەکێ لەم دوو وەزارەتە بدا بەلیستی عیراقیە. سەرباری هەموو ئەمانە، هێشتا هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە کەئاستی خزمەتگوزارییەکانی ئەمساڵ لەوەی پار باشترە.

لەهەمبەر شکستهێنانی سیاسەتی ناوخۆی حکومەتی مالیکی، عیراق گیرۆدەی شاڵاوی پرۆژەکان بووە. لەم هەلومەرجەی ئێستادا دوو ڕەوتی هاوتەریب لەعیراقدا لەئارادان، یەکێکیان هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر پێکهێنانی هەرێمی تازەو ئەوی تر هەموو قورسایی خۆی خستۆتە سەر پێکهێنانی پارێزگای تازە. زۆریی ئەم پرۆژانە بەڵگەی کەموکوڕییەکانی سیاسەتی ناوخۆیە.


ڕەوتی پشتیوان لەدروست کردنی هەرێمی تازە زۆرتر لەسەلاحەددین و ئەنبار گەرم و گوڕە. بەڵام پارێزگا شیعییەکانیش لەژێر کاریگەریی ئەم ڕەوتەدان. تەوژمێکی گشتی لەو پارێزگایانەی کەلیستی سەرەك وەزیران لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی تێدا نەهێناوە، بەلای دروست کردنی هەرێمدا دادەشکێنێ.

لەبەرامبەردا، هەندێ گرووپی تر سەرقاڵی بانگەشەن بۆ پێویستیی دروست کردنی پارێزگای تازە لەعیراقداو زۆرتر جەخت دەکەنە سەر جیاکردنەوەی هەر یەك لەزوبێرو گورنە لەبەسرە بۆ پێکهێنانی دوو پارێزگا بۆ سوننەکان، جیاکردنەوەی تەلەعفەر لەموسڵ و دوزخورماتو لەسەلاحەددین بۆ پێکهێنانی دوو پارێزگا بۆ تورکمانەکان و جیاکردنەوەی دەشتی نەینەوا لەموسڵ بۆ پێکهێنانی پارێزگایەك بۆ مەسیحییەکان.

بەدرێژایی ئەمساڵ حکومەتی مالیکی هەنگاوی وای نەناوە کە شتێکی وای هەڵکڕێندرێ کە ئەم حکومەتە بەتەنگ چارەسەرکردنی کێشەکانە. ئەوەی کە بەئاسانی هەستی پێ دەکرێ ئەوەیە کەئەم حکومەتە باکی بەزیادبوونی دووبەرەکی و تەنگژەکان نییە و بەجۆرێك هەڵسوکەوت دەکات وەك ئەوەی گرفتێکی ئەوتۆی لەگەڵ لایەنەکاندا نەبێ.

ڕەتکردنەوەی پرۆژەی پێکهێنانی هەرێمی سەلاحەددین، مالیکی ڕووبەڕووی دەستور دەکاتەوە چونکە دەستور دەسەڵاتی ڕەتکردنەوەی پێکهێنانی هەرێمی بەهیچ لایەنێك نەداوە. لەمانۆڕەکانیدا بۆ پەشیمان کردنەوەی سەلاحەددین لەداواکردنی هەرێم، مالیکی شیعەکانی هەردوو قەزای دوجێل و بەلەدی سەر بەسەلاحەددینی هاندا داوای جیابوونەوە لەسەلاحەددین بکەن. مالیکی خۆی لەهیچ لێدوانێکدا پشتگیریی جیابوونەوەی دوجێل و بەلەدی نەکردووە بەڵام پەرلەمانتارەکانی لیستی دەوڵەتی یاسا قسەی خۆیان کرد. پەرلەمانتار لەسەر لیستی دەوڵەتی یاسا عەبدولسەلام مالیکی لەلێدوانێکدا بۆ ئاژانسی نینا وتی «هەموو ئەنجومەنێکی خۆماڵی مافی ئەوەی هەیە داوا بکا بچێتە سەر پارێزگایەکی ترو تەنانەت مافی ئەوەشی هەیە کەداوای جیابوونەوە بکاو پارێزگایەکی سەبەخۆ پێکەوە بنێ، بۆیە داوای هەردوو ئەنجومەنی دوجێل و بەلەد دژی دەستور نین و داواکەش دەرچوون نییە لەدەسەڵاتەکانیان».

لەسایەی حکومەتی مالیکیدا عیراق وڵاتێکی بێ دەستورە چونکە جێبەجێ نەکردنی دەستور هیچ جیاواز نییە لەنەبونی. مالیکی و ئەندامانی حزبەکەی، ئەمە بە شتێکی ئاسایی دەزانن. سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا لەئەنجومەنی نوێنەران خالید عەتیە دەڵێ «لیستی دەوڵەتی یاسا.. دان بەوەدا دەنێ کەیاسای ژمارە ١٣ کەتایبەتە بەپێکهێنانی هەرێمەکان لەگەڵ دەستوردا وێك دێتەوە...بەڵام وای دەبینێ کە ڕەتکردنەوەی پێکهێنانی هەرێمەکان لەم هەلومەرجەی ئێستادا سەرپێچی نییە لەدەستور». ئەم وەڵامەی سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا لەئەنجومەنی نوێنەراندا، بەناوەڕۆك هۆکایەنی بەردەوامبونی تەنگژەی عیراق بەچاکترین شێوە ڕوون دەکاتەوە.




فەرید ئەسەسەرد

## نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بۆ (گوڵان):

# ساڵی داهاتوو ٨ هەزار خانوو بۆ کەمدەرامەت و هەژاران دروست دەکرێت

## پرۆژەی ئاوی ئیفرازی چوار و ئاوەڕۆی ئاوی قورسی هەولێر لەساڵی نوێ دەچنە قۆناغی جێبەجێکردنەوە

## گەڕەکە هەژارنشین و میللیەکانیش لەڕیزبەندی پێشەوەی بەرنامەکانی پارێزگای هەولێردەبن



نـــەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لەدیمانەیەکـــی گوڵان دا باس لەکارو بەرنامەکانی پارێزگا دەکات بۆ ساڵی ٢٠١٢و، ڕایدەگەیەنێت کە لەساڵی داهاتـــوو ٨ هەزار خانوو بەنرخێکی گونجـــاو بۆ کەمدەرامەت و هەژاران دروســـت دەکرێت، لەم دیمانەیەدا پارێزگاری هەولێر تیشـــك دەخاتە سەر چەندین تەوەرەی تری پێوەندار بەکێشـــەی نیشـــتەجێبوون و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و دروســـتکردنی شەقامی ١٢٠ مەتری و پردو بوارەکانی تری وەرزشی و پاك وخاوێنکردنی زبڵ و خاشـــاك، بۆ قسەکردن ســـەبارەت بەم بوارانەو چەند پرســـێکی تر پارێزگاری هەولێر بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

*** گرنگترین ئەو پڕۆژانەی بۆ ساڵی ٢٠١٢ لە ڕیزبەندی بەرنامەو پلانەکاندایە کە بۆ شاری هەولێر ئەنجامی بدەن یا جێبەجێ بکرێت چییە؟ هەروەها ئامادەکارییەکانی تەرخانکردنی بودجە بۆ ساڵی نوێ بەکوێ گەیشتووە؟**

- بۆ پڕۆژەکانی ٢٠١٢ لە شاری هەولێر ئێستاکە لەگەڵ سەرجەم فەرمانگەکان ئامادەیی بۆ بودجە دەکرێت بەمەبەستی تەواوکردنی ئەو پڕۆژانەی کە پێویستن بەپێی ئەو گۆڕانکارییەی کە هەولێر بەخۆیەوە دیتویەتی، ئەو بودجەیەی کە ساڵانە لەلایەن فەرمانگەکان لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان خەرج دەکرێن ئەوە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاو وەزارەتەکانە، هەر بۆیە ڕۆژانەی دانیشتنی پارێزگا لەگەڵ فەرمانگەکانی هەولێر بۆ ئەوەیە کە پلانەکانمان یەکگرتوو تۆکمە بکەین تاوەکو بودجە بەهەماهەنگی دابەش بکرێت، چ ئەوانەی دەکەوێتە سەر پەرەپێدان، چ ئەوانەی دەکەوێتە سەر پلانی وەبەرهێنان لە وەزارەتەکان، بۆیە پێداویستییە گرنگەکانی هەولێر بە پێی ئەو

**لەبەر ئەوەی لە وەزارەت کارەکانی دیزاینی پڕۆژەی هەردوو پردی ڕێگای کەسنەزان و بەردەم کۆمپانیای جیهان کراوەو هەماهەنگی لە نێوان فەرمانگەکانی پارێزگا نەبووە بۆیە پڕۆژەکە دوادەکەوێت**

بەرفراوانییە زۆرەی بەخۆیەوەی دیتوە دەخەینە ئەولەویەتی کارو پڕۆژەکانمانەوە، یەکێك لەم کارانەمان بۆ شاری هەولێر پڕۆژەی ئاوی ئیفراز چوارە، چونکە ئێستاکە ئاستی ئاوی ژێر زەوی دابەزیوەو بەپێی ئەو پڕۆژانەی ئێستا هەیە تا ڕادەیەك توشی گرفتی کەمئاوی دەبینەوە، بەڵام بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوی ئیفراز ٤ کە قەبارەی دابینکردنی ٢٠هەزار مەتر سێجای لە یەك کاتژمێر ئاوە، دیزاینەکەیشی لە لایەن وەزارەتی شارەوانی ڕاگەیاندنی بۆ کراوە لە ساڵی ٢٠١٢ دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە، هاوکات پڕۆژەی ئاوەڕۆی ئاوی قورسی هەولێر کە بەرنامەو ئومێدی ئێمەیە لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاریش باسکراوە کە قۆناغی یەکەمی ئەو دیزاینەی کە ئامادەکراوە لە ساڵی ٢٠١٢ پێویستەو دەبێت دەست پێ بکرێت، چونکە ناکرێت لەمە زیاتر پڕۆژەکە دوا بخرێت، ئەو دوو پڕۆژەیە باسمکرد پڕۆژەی ئاوی ئیفرازچوار ئاوەڕۆی ئاوی قورس زۆر گرنگ و پێویست و ستراتیژین. هەروەها چەندین پڕۆژەی

**چاوخشاندنەوە بە سیستەمی پاککردنەوەی شار دەکەین**

تر کە پێویست بن و کاریگەری لەسەر بواری خزمەتگوزارییەکانی شاری هەولێر هەبێت ئێمە ئەولەویەتی پێ دەدەین و لەپلان و بەرنامەکانی ساڵی ٢٠١٢ دادەنرێت.

*** ئەو پڕۆژانەی لەچارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون بۆ دانیشتووانی هەولێر ئەنجامدراون، کڕین و فرۆشتنەوەی پێوەکراوە، تەنانەت زۆربەی پڕۆژەکان دەستی دووەم و سێیەمی کردووە نرخەکانیشی بەرزبۆتەوە، ئایا لە ساڵی ٢٠١٢ بەرنامەتان بۆ دروستکردنی خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هەژارو کەمدەرامەت و کرێچییانی شاری هەولێر هەیە؟**

- ناتوانین بڵێین پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێبوون بەتەواوەتی و ڕەهایی کێشەکەی چارەسەرکردووە یا نەیکردووە، چونکە ئەو خانوو یەکە نیشتەجێیانە بەشێک بوون لە چارەسەرکردنی کێشەکە کە فایلێکی گەورەو فراوانە بە جۆرەها شێوە چارەسەردەکرێت، هەر بۆ نموونە بەو پارچە زەویانەی کە لە ساڵانی ڕابردوو دابەشکراون و خزمەتگوزارییان پێگەیشت و ئەو پڕۆژە نیشتەجێیانەی کراون و ئەو شوقانەی دابەشمانکردو پێشینەی خانووبەرە، ئەمانە هەمووی بەشێک بوون لە چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون، هەروەها قوناغی تر لەپێشە کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ٣٧٠شوقە دروست دەکات و ئێستا ئیحالەی بەڵێندەر کراوە کە دەکەوێتە نێوان بنەسڵاوە و دارەتوو، ئەمەش لەسەر بودجەی حکومەتەو بۆ خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتە، هەروەها پڕۆژەیەکی تری هەیە کە پێی دەوترێت پڕۆژەی کۆری، ئەم پڕۆژەیەش نزیکەی ٨هەزار خانوو دەبێت و نرخەکەی زۆر گونجاوەو هەرزانە کە لە لایەن کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەوە دروست دەکرێت و بۆ دابەشکردنی ئەو خانووانە بەپێی بەرنامەیەک لەگەڵ وەبەرهێنەر وا ڕێکەوتووین تەنیا لە ڕێگای پارێزگاوە و ئەو فۆرمانەوە دەبێت کە لە لایەن هەژارو کەمدەرامەتەکانەوە پڕکراوەتەوە و ناتوانرێت بازرگانی پێوە بکرێت

**پێویستە وەبەرهێنەری نوێی پڕۆژەی پێشووی چفیک لەر هەزار شوقە بۆ کرێچییەکان تەواو بکات و لە پاشان دەکرێت بەشەکەی تری زەوییەکە بە وەبەرهێنەکە بدرێت**

و میکانیزمی دابەشکردنەکەش هەر وەکو دابەشکردنی شوقەکانە.

*** ئایا پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی وەبەرهێنان کەموکوڕی تێدایە، هەروەها خەڵکی گلەیی لە بەرزبوونەوەی نرخەکانیش دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی خەڵکی هەولێرن و کەمدەرامەت و کرێچین؟ بەڕێزت وەکو پارێزگار چ بەرنامەیەکت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەبەردەستدایە؟**

- لە هەولێر هەموو یەکەیەکی نیشتەجێبوون چ خانوویەکی ١٠٠ مەتری یا ١٥٠ مەتری یا ٢٠٠مەتری لە هەر گەڕەک و شوێنێکی ئەو شارە بێت هەریەکەی بەپێی خۆی نرخەکەی گرانبووە، ئەمەش نیشانەکانی گەشەی ئابوورییەو خواست لەسەر خانووبەرە زیادی کردووەو توانایی دارایی لە دروستکردن و کڕینی یەکەی نیشتەجێبوون و خانوو زۆر بووە، ئەم نیشانە ئابوورییانەش لە گەشەکردنی شار لایەنێکی ئیجابییە، لەلایەکی تر خۆ تەنیا خانوو لەم شوێنانە دروست نەکراوە، بەڵکو خانوو لە زۆر شوێن لە لایەن هاووڵاتیانیش

**دابەشکردن و دابینکردنی زەوی بۆ وەبەرهێنان لە هەولێر لەسەر ئاستی وەزارەتی شارەوانی و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتە پەیوەندارەکان بووە بەپێچەوانەی هەردوو پارێزگای سلێمانی و دهۆکەوە**

دروستکراوە، هەر بۆ نموونە لە تورەق ٣٠٠٠ خانوو دروست کراون و لە سەرکارێز و قەتەویی و مامزاوەو گرد محەمەد نزیکەی ٧٠٠٠ خانوو، لە ماوەی٦بۆ ٧ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لەخانوو لە لایەن خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتەوە دروستکراون، هەروەها لە سێبیران و بەحرکەو گەزنەو چەندین شوێنی تر ژمارەیەکی زۆر خانوو دروستکراوە، هاوکات ئەو کرێچییانەی کە لە ناو شاری هەولێر هەبوون بە قۆناغ زەویمان پێیاندا ئێستاکە لە پشت دارەتوو کە دارەتووی نوێی پێ دەوترێت خانوویان بۆ خۆیان دروستکردووەو چەندین گەڕەک و شوێنی تر ئێستاکە دروستکراون، هەموو ئەمانە لە شاری هەولێر بەشی گرنگبوون لە چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون، ئەگەر بڵێین ئەو کارو پڕۆژانەش لە ١٠٠٪ کێشەی نیشتەجێبوونی چارەسەرکردووە ئەوە وا نییە، چونکە تا ئێستاش بەشێک لەو کێشەیە پێویستی بە چارەسەرکردنە، وەکو باسمکردن لە ساڵانی ٢٠١٢ چەند پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوون لەبەرنامەمانەیە لە ساڵانی تریش





کێشەکە بەتەواوی چارەسەر دەکەین یا زۆر زۆر کەمی دەکەینەوە.

*** ئایا وەکو پارێزگا غەدرێکتان لێ نەکراوە کە دابەشکردنی زەوی لە دەسەڵاتی ئێوە نەبووە، چونکە خەڵکیش ئێوە دەناسێت لەبەرانبەر کێشەی نیشتەجێبوون، ئایا پێویستی نەدەکرد ئێوەش بەشداربوونایە لە دابەشکردنی زەوی و یەکەی نیشتەجێبوون و خانووی وەبەرهێنان؟**

- لەمبوارەداو مامەڵەکردن لەگەڵ هەرسێ شار وەکو یەك نییە، با باسی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانی بکەین لە دهۆك، لەوێ پارێزگار پەسەندی دەکات و لە هەولێر دێتە پارێزگا، بەڵام وەزیری شارەوانی پەسەندی دەکات و لە سلێمانی نە دەچێتە پارێزگا نە وەزارەت، بەڵکو خۆیان لە شارەوانی بڕیارەکان پەسەند دەکەن، دابەشکردن و دابینکردنی زەوی بۆ وەبەرهێنان لە دهۆك لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەی وەبەرهێنان و شارەوانی و پارێزگا بووەو لە سلێمانیش تا ڕادەیەك بەمشێوەیە بووە، بەڵام لە هەولێر لەسەر ئاستی وەزارەتی شارەوانی و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتە پێوەندارەکان بووەو تازە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەی وەبەرهێنان لە هەولێر دامەزراوەو، خۆیان بەپێی ڕێنماییەکان ڕێکدەخەن و دەستبەکاردەبن و ئەوان بەپێی ڕێنمایی تازە، دەبن بە سەرۆکی لیژنەی دابینکردنی زەوی بۆ وەبەرهێنان، بەڵام تا ئێستاش ئەو ڕێنماییە تازەیە کاری پێ نەکراوە، بە تەئکید ئەوە غەدرەو نابێت بەردەوام بێت، هەولێر بەحوکمی ئەوەی پایتەختە ئەو هەموو وەزارەتە لە ناو شارەکە هەیە ئەوە دەستێوەردان لە نێوان وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی ناو هەولێرو پارێزگا هەر هەبووە، گەرچی پێویستەو باشترە ئەو کارانە ڕێکبخرێت و هەم لە قازانجی وەزارەتەکانە کە ئیشی خۆیان بکەن نەك ئیشی فەرمانگەکانی ناو هەولێرو پارێزگاش کارو ئیشی دیاریکراوی خۆی بکات.

**خواست لەسەر هاتن بۆ هەولێر هەیە، لەبەر ئەوەیە کە فرسەتی ژیان لە هەولێر باشترەو ئاسایشی تێدا بەرقەرارە و جموجۆڵی بازرگانی باشەو دەرفەتی کاری تێدایە**

*** هەندێ جار هەندێ گەڕەکی هەژارنشین گلەیی و گازاندە لە کەمی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دەکەن، بۆ ساڵی ٢٠١٢ چی پڕۆژەیەکتان بۆ ئەم گەڕەکانە لەبەردەستدایە؟**

- ئێمە بۆ هەموو شارەکە بەبێ جیاوازی کارو پڕۆژە ئەنجام دەدەین بەتایبەتی ئەو گەڕەك و شوێنانەی کە پێویستیان بە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری هەبێت و ئەولەویەتی کارو پڕۆژەکانمان بۆ گەڕەکە هەژارنشین و میللیەکان بووە، بە بەڵگەی ئەوەش ئەگەر سەیری گەڕەکی باداوان و کرێکاران و کوردستان و. . . بکەین و دەبینن ئێستاکە چەند جیاوازی لەگەڵ پێشتر هەبووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٢ش بەدڵنیاییەوە لە کارو پڕۆژەو بەرنامەکانمان ئەولەویەت بە گەڕەکە هەژارنشین و میللیەکان دەدەین.

*** پڕۆژەی (چڤیك لەر) سەرکەوتوو نەبوو و دیارە ماوەیەکە ئەو شوێنە بە وەبەرهێنەرێکی تر دراوەو پڕۆژە کۆنەکە لەم حاڵەتەدا چی بەسەر دێت، ئایا ئێوە وەکو لایەنێکی پێوەندار مەرجتان لەسەر وەبەرهێنەرەکەی ئێستا داناوە؟**

- پڕۆژەی یەکەی نیشتەجێبوونی (چڤیك لەر) ئەوە بۆ کرێچییەکانی شاری هەولێر بوو، بەڵام ئێستا ئەو شوێنە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی وەبەرهێنان بە وەبەرهێنەرێك دراوە،

**نەخۆشخانەیەکی لەدایکبوون و منداڵانی ١٠٠ قەرەوێڵەیی لە گەڕەکی باداوە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە**

ئێمەش لەم کارو ئیشە ناڕەزایەتیمان دەربڕی و گلەیی کراو داوامانکرد ئەو هەزار شوقەیە بۆ کرێچییەکان تەواو بکرێت و لە پاشان دەکرێت بەشەکەی تری زەویەکە بە وەبەرهێنەکە بدرێت و پڕۆژەی تری لەسەر ئەنجام بدات، ئەو کێشەیە تا ئێستا چارەسەر نەبووەو وەکو خۆی ماوەتەوە، گەرچی ئێستاکە وەبەرهێنان کاری لەسەر دەکات. دووبارە تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە کە پێویستەو دەبووایە هەزار شوقەکە تەواو بکرابوایە.

*** ئێستاکە خەڵکێکی زۆر لە شارەکان بەتایبەتی عەرەبەکان ڕوویان لە هەولێر کردووە و خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون دەکڕن و لەسەریان تەملیك دەکرێت و هەر ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر گرانی خانوو و زەوی و کرێی خانوو هەیە، گەرچی دەزانین کێشەی کرێچی خەڵکی هەولێر بە تەواوی چارەسەر نەکراوە؟**

دەبێت هەموو لایەکمان ئەوە بزانین کە تەملیك هەقێکی دەستوورییە لە هەموو عێراقدا، بەڵام لە هاتنی ئەو برا عەرەبانە یا هەر هاووڵاتییەکی تر تەنیا وردبوونەوەو بەدواداچوونی ئەمنی دەکرێت و کەس ناتوانێ ڕێگری لەکەسی عێراقی بکات لە لایەنی تەملیکردنەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو عەرەبانەی باسیان دەکەین مامۆستای زانکۆ و پزیشك و ئەندازیاری پسپۆڕو خاوەن ئەزموونی زۆرن و بزنسمانی گەورە گەورەن، چونکە خەڵکی عەرەبی کەمدەرامەت ناتوانێ لە شارێکی وەکو هەولێر نیشتەجێ بێت، لەلایەکی ترەوە ئەوانەی هاتوونەتە هەولێر لە بوارەکانی خۆیان خزمەتی





کوردستان و شارەکەش دەکەن، هەروەها ئێمە بەشێکین لە عێراق و ئەوەش هەقێکی دەستووری هاووڵاتیانی هەموو عێراقەو هاتنی عەرەبەکان بۆ هەولێر پێوەندی بە تەعریب و بیروبۆچوونی ترەوە نییە، چونکە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان و چەندین کونسلییەو ڕێکخراوی بیانی و نێودەوڵەتی لێیەو ئەوەی دێتە ئەو شارە ئەوە ئەویش دێتە ژێر چەتری حکومەتی هەرێم و ئەو شارانەی کە لە دنیادا گەورەبوون هەر هەموویان بەم شێوەیە پێشکەوتوون.

*** شەقامی ١٢٠مەتری کە پڕۆژەیەکی گەورەو ستراتیژییە کەی تەواو دەبێت؟**

- ئەو پڕۆژەیە بەپێی ئەو گرێبەستەی کە وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار کردویەتی و ماوەی دوو ساڵ دەخایەنێ کە ئەو شەقامە چوارڕیانی کەرکوک – مەخمور – موسڵ بەیەك دەگەیەنێ و لە ژێر جێبەجێکردندایە و کاری باشیشی تێداکراوە.

*** هەندێ پڕۆژە هەیە لەوادەی کۆتایی هاتنی دوادەکەوێت وەکو ئەو دوو پردەی کە لە نزیك نەخۆشخانەی ڕزگاری و بەردەم کۆمپانیای جیهان دەکرێت، بە ڕاوبۆچوونی ئەندازیارانیش قەت ئەو پڕۆژانە لە کاتی خۆی تەواو نابێت، ڕابۆچوونی تۆ لەمبارەوە چییە؟**

- چەند شەوێك بەر لە ئێستا لە پارێزگا کۆبوونەوەیەکمان لەسەر پڕۆژەکەی ڕێگای هەولێر- کەسنەزان ئەنجامدا کە تێیدا ستافی سەرپەرشتیاری سەر پڕۆژەکە لە شارەوانی و بەڵێندەرو فەرمانگە پێوەندارەکان بەشداربوون، چونکە پڕۆژەکە تەدەخولاتی تێدایەو یەکێك لە گرفتەکان لە کاتی خۆی کە دیزاینەکەی دانراوە ئەوە هەڵەی زۆری تێداکراوە، لەبەر ئەوەی دیزاینەکە لە وەزارەتی شارەوانی دروستکراوە، ئەگەر هاتوو ئەو دیزاینە لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ئەنجام بدرابووایە یا ئەو کۆمپانیایەی کە گرێبەستەکەی دیزاینی ئەندەرپاس و ئۆڤەرپاسی ئەو پڕۆژەیەی لە سەرۆکایەتی شارەوانی بکردبووایەو لەو کاتەدا هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی ناو هەولێر وەکو کارەباو ئاو و ئاوەڕۆو دابەشکردنی سووتەمەنی و تەندروستی بکردبووایە و بەیەکەوە کاریان بکردایە ئەوە ئەو هەڵانەی کە ئێستا هەیە ڕووی نەدەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە وەزارەت کارەکان کراوە و هەماهەنگی لە نێوان فەرمانگەکان نەبووە ئەوە تووشی ئەو کەموکوڕی و هەڵانە بوون، هەر بۆ نموونە کێشە لەگەڵ فەرمانگەی کارەبا هەیە بۆ لابردن و گواستنەوەی ستوونەکانی کارەبا و کێشەی گواستنەوەی بەنزینخانەکەمان هەیە، بەڵام ئێستاکە دوای دەست پێکردن و کارکردن لە پڕۆژەکە ئەو هەڵانە دەرکەوتووەو کۆبوونەوەکەشمان هەر بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەو و چارەسەرکردنی هەڵەو کێشەکانە تاوەکو پڕۆژەکە بە خێراتریش بڕوات، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە بودجەی زیاتر هەیەو ئەو بڕە پارەیەش لە بودجەی پەرەپێدانی ٢٠١٢ بۆی تەرخان دەکەین و ئەو پارەیەش لە گواستنەوەی بەنزینخانەکە و بواری کارەبا و گرفتەکانی تر خەرج دەکرێت، ئێمە وەکو پارێزگا لە هەر پڕۆژەیەك جێبەجێ بکەین بەرپرس و سەرۆکی فەرمانگە و یەکە ئیدارییە پێوەندارەکان و شارەوانی لەگەڵ یەکتر دادەنیشین و پێشەکی لەکاتی دیزاینی پڕۆژەکە بۆ کارەکانی کارەباو ئاو و ئاوەڕۆ و . تاد..و هەر بەربەستێکی تر کە بێتە بەردەمی پڕۆژەکە بودجەی پێویستی بۆ تەرخان دەکەین و لە پاشان دەست بە دیزاین و جێبەجێکردنی پڕۆژەکە دەکرێت و لەو کاتەدا زۆر بەکەمی تووشی کێشەو بەربەست دەبین و پڕۆژەکان زۆر بە ڕێکوپێکی و بەبێ دواکەوتن و قۆناغ بە قۆناغ ئەنجام دەدرێت.

*** هەندێ وەزارەت لەماوەی ساڵانی ڕابردوو کارو پڕۆژەیان لە پارێزگای هەولێر کەمە بەتایبەتی لە سەنتەری شار، ئەگەر تەماشای وەزارەتی تەندروستی بکەین دەبینین لە ساڵی ١٩٨١ەوە تا ئێستا نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی دروست نەکراوە ئەمە بۆ بەم شێوەیە؟**

- لە هەولێر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سەنتەرو لە دایکبوون لەسەر بودجەی پەرەپێدان و وەزارەتی تەندروستی بەرفراوان کران و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا کە پڕۆژەیەکی گەورەیە ئێمە لەگەڵ ئەمەریکییەکان بە هاوبەشی ئەنجامماندراوەو وەکو پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر بڕی ٩ملیۆن دۆلارو ئەمەریکییەکانیش ١٤ ملیۆن دۆلاری بۆ خەرجکراوە، هەروەها نەخۆشخانەی فریکەوتنی ڕۆژهەڵات ڕێکخراوی کۆیکا لەسەر بودجەی کۆرییەکان ئەنجامی داوەو وەزارەتی تەندروستی ئێستاکە پڕۆژەی

**شاری هەولێر سەنتەرێکی باشی تەندروستی هەموو عێراقە**

**بیرۆکەی ئەوە هەیە لە پشت نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا نەخۆشخانەیەکی گەورەو بەرفراوانی هاوشێوەی نەخۆشخانەی رزگاری لێ دروست بکرێت**

نەخۆشـــخانەیەکی لە دایکبوون و منداڵانەی ١٠٠ قەرەوێڵەیی لە گەڕەکـــی باداوە هەیەو لە قۆناغـــی جێبەجێکردندایـــە، هەروەها پڕۆژەی دروســـتکردنی نەخۆشخانەی ســـۆران و چۆمان و ســـەڵاحەدین و چەند شـــوێنی تریان هەبووە، بەڵام دەبێـــت ئەوەش بزانین کە نەخۆشـــخانەی گەورەو پســـپۆڕایەتی بودجەی زۆری دەوێت و وەزارەتی تەندروســـتیش بەپێـــی بودجەی خۆی کارو پڕۆژەی ئەنجامداوەو بەپێی ئەو میزانییەی هەیبووە بەسەر کارو پڕۆژەکانی دابەشی کردووە، لەبواری تەندروســـتی لە تەنیشت کەرتی گشتی ئەوە کەرتی تایبەتی تەندروســـتی بەرەوپێشچوون و گەشـــەکردنێکی زۆری بەخـــۆوە دیتـــووە. ئەمەش نەخۆشخانە ئەهلیەکان هێمایەکی باشی بەرەوپێشـــچوونی بواری تەندروستییەو دەتوانین ئێســـتاکە بڵێین شاری هەولێر سەنتەرێکی باشی تەندروســـتی هەموو عێراقە، هەروەها بیرۆکەیەك هەیـــە کە ئەو زەوییەی پشـــت نەخۆشـــخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا نەخۆشـــخانەیەکی گەورەو بەرفراوانی هاوشـــێوەی نەخۆشخانەی رزگاری لێ دروست بکرێت.

## هەولێر پێویستی بە یاریگایەکی٤٠ هەزار کەسی هەیەو هەر دەبێت ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت

*** ئایا ئەو گەورەبوونەی هەولێر قورســـایی لەسەر بودجەو خەرجییەکانتان نایێت؟**

- فراوانبوون و گەورەبوونی شاری هەولێر بەو شێوە خێرایە بارقورسییەکی زۆرو گەورەی هەیە، هەربۆ نموونە پێشـــینەی خانووبەرە کارێکی باش بوو بۆ دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، بەڵام ئەوە لە هەمان کاتـــدا داواکاری خزمەتگوزاری زیاد کردو هەموو ئەو پڕۆژە نیشـــتەجێبوونانەی کراوەو خەڵك زیاتر ڕوو لە هەولێر دەکەن و قەرەباڵغ دەبێت و خزمەتگوزاریشی زیاتر پێویستە، ئەگەر تەماشای پانتایی هەولێر بکەین لەگەڵ دارەتوو و بنەسڵاوە و کەســـنەزان بۆتە یەك و لە پشتی هەولێری نوێ و سێبەردانەوە بەرەو تارین دەڕوات و لەلای عەنکاوەوە گەیشتۆتە نزیك بەحرکەی و دەبینین ســـەنتەری شار بەخێراییەکی زۆر گەشە دەکات و ئـــەوەش پڕۆژەکانـــی خزمەتگوزاری پێویستەو لەو کاتەشـــدا کاریگەری و قورسایی لەســـەر بودجـــەی ئێمـــەو وەزارەتـــەکان هەیە. جگـــە لەو ناوچەو گەڕەکـــە تازانەی هەولێر بۆ گەڕەکـــە کۆنەکانیش هەڵمەتـــی کارو پڕۆژەی باشی خزمەتگوزاری ئەنجامدرا، هاوکات جگە لە بەرفرەوانبوونی شـــارەکە لـــە ڕووی پانتایی نیشـــتەجێبوونەوە ئەوە بەرفراوانبوونێکی زۆری کەرتی پیشەسازیش هەیە، لە کەرتی پیشەسازی لە ڕێـــگای مەخمـــور- هەولێـــر دەردەچیت تا دەگەیتە ناحیەی شـــەمامك کە پیـــرداوەدە هەر هەموو کارگـــەو ئاوەدانییەو ڕێگای گوێڕ بۆتە ناوچەیەکی بەرفرەوانـــی خۆراکی و ئاژەڵی کە عەلوەو مەیدانی ئاژەڵان و سەربڕخانەو ... و زیاتر لە ٢٠٠٠هەزار کۆگای گەورەی لێ دروستکراوە کـــە هێزێك و توانایەکە بۆ بازرگانی لە شـــاری هەولێر، لەلایەکی تریشـــەوە هەموو ئەمانەش بۆ خەڵك و هاووڵاتیانی هەولێر دەرفەتی کارن، بەڵام ئەو بەرفراوانبوونانە پێویســـتی بە کارو پڕۆژەی خزمەتگـــوزاری زیاتر هەیە، بۆیـــە لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە پێویســـتە بودجەی تایبەت بۆ پایتەخت تەرخان بکرێت، ئەگەر سەیری بەغدا بکەین دەبینین (ئەمانەی پایتەخت)و پارێزگای هەیە کـــە بودجەیەکی تایبەت بـــۆ (ئەمانەی



پایتەخت) تەرخان دەکرێت.

*** جەنابـــی ســـەرۆك لەماوەیەکـــی نزیکدا ســـەردانی قەزای مەخموری کردوو و تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئـــەو قەزایە ناوچە دابڕێنراوەکان نییەو بەبەشێکی لە پارێزگای هەولێری دانا، ئێوە چ کارو پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری پێشکەش ئەو شارۆچکەیە دەکەن؟**

- ئەوە هەقیقەتە کە قەزای مەخمور لە ناوچە دابڕێنراوەکان نییەو قەزایەکی سەر بە پارێزگای هەولێرە، لەســـەر نەبوونی بەڕێوەبەری ناحیە بۆ ناحیـــەی قەراج تەنیا ماوەی ســـێ مانگە ئەو کێشەیە دروست بووە، ئەوەش بۆیە ڕوویدا چونکە پێشتر بارزان سەید کاکە قایمقامی مەخمور بووەو ئیبراهیم شێخەڵڵا کە ئێستا بە وەکالەتەن قایمقامی مەخمورە ئەوە بەڕێوەبـــەری ناحیەی گوێڕبوو و ســـیروان ڕۆژبەیانی بەڕێوەبەری ناحیەی قەراج بوو و نەبەزیش بەڕێوەبەری ناحیەی دیبەگە بوو، قایمقام و بەڕێوەبـــەری ناحیەکان هەموو کاتێك هەبوون و دەوامی خۆشیان بەڕێکوپێکی کردووە، بەڵام پاش ئەوەی بارزان سەید کاکە کە قایمقامی مەخمور بوو و پۆستەکەی بەجێهێشت و ئیبراهیم بوو بە قایمقامی مەخمور وەکالەتەن و سیروان بوو بە بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ و لەو کاتەوە کەلێنێك دروســـت بوو و قەراج بەڕێوەبەری ناحیەی نەماو ئەو ماوەیەش هەر سێ مانگ دەبێت، سەرەڕای ئەوەش ئەفســـەرێکی پۆلیس ئیـــش و کارەکانی ڕاپەڕاندووە و ئێســـتاش بەڕێوەبەرێکی ناحیە بۆ قەراج دەنێرین. هەروەها ســـاڵانە لەسەر بودجەی پەرەپێـــدان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم کارو پڕۆژەی باش و پێویســـت لـــە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری بۆ قەزای مەخمور ئەنجامدراوە، هەر بۆ نموونە بنکەی تەندروســـتییەکەی فراوان و گەشـــەی پێدراوە و ستافی ٢٤ کاتژمێری بۆ دابینکراوە، هەروەها لە بـــواری پەروەردە بەپێی پێویســـتی گرنگـــی پێدراوەو مامۆســـتایان بۆ دابینکراوە و . . . .، بەڵام ئەگەر بێین لەســـەر ئاستی ناوچەکە هەڵســـەنگاندن بۆ کارو پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی قەزای مەخمورو ســـنوورەکە بکەین، ئەوە هێشـــتا پێویستی بە کارو پڕۆژەی خزمەتگـــوزاری زۆر زیاتـــرە. لەلایەکـــی ترەوە هەندێ پڕۆژە هەیە کە بڕیار دەدرێت بۆ مەخمور ئەنجام بدرێت لە لایەن موســـڵەوە بەربەســـت و کۆســـپی بۆ دروســـت دەکرێت، بەڵام بۆی هەیە خەڵکی قەزاکە ئاگاداری ئەو کێشەو بەربەستانە نەبن بۆ نموونە لـــە حکومەتی فیدراڵی عێراقدا بڕیار دراوە نەخۆشـــخانەیەکی ١٠٠قەرەوێڵەیی لـــە مەخمور دروســـت بکرێت و ئـــەو پڕۆژەیە بودجەو زەویشـــی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام ئیدارەی پارێزگای موســـڵ ئەو پڕۆژەیـــەی ڕاگرتووە، چونکە زەوییەکانی قەزای مەخمور بەپێی سەنەد و تۆماری ئەســـڵی تاپۆی موڵکیەتی هەولێرە، گەرچی موسڵ دەیەوێت ئەو زەویەی تەرخانمان کردووە بۆ نەخۆشـــخانەکە بە نـــاوی پارێزگای موسڵ بکرێت لە پاشان بەڵێندەرەکە بێت دەست بە

ئیش بکات، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٢ وەکو هەموو ساڵانی تر کارو پرۆژە بۆ قەزای مەخمور ئەنجام دەدرێت و ئەو پــرۆژەی ئاودێرییەی کە جەنابی ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان لە سەردانەکەی بۆ قەزای مەخمــور بڕیاریدا ئەنجام بدرێت، ئەو پرۆژەیە ستراتیژی و گرنگ و زۆر پێویستە بۆ ناوچەکە، چونکە سەدان هەزار دۆنم زەوی بەپیت و بەرەکەتــی هەیە، گەرچــی خەڵکەکە لەبەر وشکە ســاڵی ماوەی ٧بۆ ٨ ساڵ دەبێت تۆوی نەکردووە، بــەڵام بە جێبەجێکردنــی ئەو پرۆژە ئاودێرییە کە ئاو لە زێــی دیجلەوە بێنین بۆ بن چیای قەرەچوغ و لەو کاتەدا سنووری مەخموور قەراج دەتوانــن ئاودێری خۆیانی پێ بکەن، ئەو پرۆژەیەش ١٥٠تا٢٠٠ملیۆن دۆلاری پێویســتەو دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ گەشەکردنی ئابووری سنوورەکەو ئێســتاکە دیزاین و لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی پرۆژەکە کە هەبوو داومانە بە جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ ئەوەی لە سەرۆکایەتی هەرێم



بەرنامەی بۆ دابنرێت و لە ساڵی ٢٠١٢ بودجەی بۆ دابنرێت و ئیش لەسەر پرۆژەکە بکرێت.

*** مــاوەی چەند ســاڵێکە قــەزای کۆیە گەڕاوەتەوە ســەر پارێزگای هەولێر؛ لەو کاتەوە چ کارو پرۆژەیەکی بۆ کراوە و لە ٢٠١٢ ش چ پرۆژەیەکتان بۆی هەیە؟**

- ساڵانە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاو وەزارەتەکان لە بوارەکانــی خزمەتگوزاری کارو پرۆژەمان بۆ کۆیە ئەنجامداوە، ئێستا گرنگترین پرۆژە کە جووت سایدی نێوان هەولێر- کۆیەیە کە بە دوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێت و ئەو پرۆژەیەش داواکارییەکی گــەورەی خەڵکە و گرنگی زۆر و تایبەتــی خۆی هەیە، چونکە شــەو و ڕۆژ هاتوچۆیەکــی زۆری لەســەرە و ڕێگایەکــی سەرەکی و ستراتیژییەو ئێستا لەژێر ئەنجامدانە، بەڵام ئیشکردن لەم شوێنانە لەبەر تۆبۆگرافیای ناوچەکە زۆر زەحمەت و قورسە.

*** بۆچی ماوەیەکە بە شــێوەیەکی ڕێکوپێك و باش زبڵوخاشــاك لە گەرەك و ناو ســەنتەری شــاری هەولێر بەتایبەتی لــە هەندێ گەرەکدا کۆناکرێتەوە؟**

- ئەوە ڕاستەو ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتی خۆی کە پاککردنەوەی هەولێر درا بە کۆمپانیای جەنابیین تێیدا سەرکەوتوو نەبوون لەپاشان لێی وەرگیراوە و شــارەوانی خۆی ئەو کارەی گرتە ئەستۆ، بەڵام پاش ماوەیەك لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار ڕاگەیاندنی بۆ کراو و بۆ ماوەی ٤مانگ بــە کۆمپانیایەکی بەریتانــی درا، گەرچی ئەو کۆمپانیایەش نەیتوانــی کارەکە بکات و نەهاتن لە ئەنجامدا کەلێنێك لەم کارو سیستەمە دروست بــووە کە بــووە هۆی ئەوەی کــە چەند ڕۆژێك زبڵوخاشــاك کۆنەکرێتەوە، بۆیە گۆڕانکاری لەم سیســتەمە کراوەو بەدواداچوونیشمان هەیە،ئێستا بەپێی هەر ٦ شــارەوانییەوە تەنــدر لە پارێزگا ئامادەکراوە و ئەو ئیشە بەو بەڵێندەرانە دەدرێت کە بۆیان دەردەچێت.

*** ماوەیەکە هەست دەکرێت لە بواری وەرزشدا کارو پرۆژە کەمتــر ئەنجام دەدرێت و تەنیا ئەو گۆڕەپانە دەبینین کە پێشــتر هەبووە لە پاشان لەلایەن شەهید فەرەنسۆ حەریری نۆژەنکرایەوەو مودەڕەجاتەکەشــی بەرفــراوان و گــەورە کرا، بەڕێزتان چ پرۆژەیەکی وەرزشیتان لە بەرنامەو پلاندایە؟**

- لەتەك هەموو پرۆژەکانی تر کارو پرۆژەی وەرزشــیش بەردەوام ساڵانە لە ناو شاری هەولێر ئەنجامدراوە، یەکێك لەو پرۆژانەی کە ئێســتا لە ژێر جێبەجێکردندایە نۆژەنکردنەوەو پەرەپێدانی هۆڵی زەردە بە پێی ســتاندەردێکی هاوچەرخ و ئەگەر تەماشای ناو گۆڕەپانی هەولێر بەرانبەر بە قوتابخانەی زەهرای کچان بکەین دەبینین کە یاریگەیەکی دوو گۆڵی جوان و بە مودەڕەجاتێکی ســەردەمیانە ئەنجامدراوە و بەردەوامیش یاری تێدا دەکرێت، کە پێشــتر ئەو شوێنە خۆڵ و بێ مودەڕەجات بووە و شیاوی یاریکردن نەبوو، بەڵام ئەوەی ئێستا هەولێر لەو قۆناغە پێویستی دەبێت یاریگایەکە کە لە ٤٠ هەزار کەس کەمتر نەبێت و ئەوە داواشــکراوە و لەگەڵ بەغداش لەمبارەوە گفتوگــۆ کراوە، چونکە زۆربــەی یارییەکانی عێراق لە هەولێر ئەنجام دەدرێت و شــوێنیش بۆ ئەو پرۆژەیە دیاریکــراوە، چونکە ئەم یاریگایە زۆر گرنگە بــۆ هەولێر و هــەر دەبێت ئەنجام بدرێت.

*** پــرۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵا بە جوانی و باشی بەڕێوەدەچێت، بەڵام بۆچی تا ئێستاکە بــەلای پارێزگاوە کار نەکــراوە و خەڵکیش ئەو پرسیارە دەکەن؟**

- پــرۆژەی نۆژەنکردنــەوەی قەڵای هەولێر بەردەوامەو قۆنــاغ بە قۆنــاغ کارەکان ئەنجام دەدرێــت و بینایــەی پارێــزگاو دادگاو تــا شــەقامەکەی بەردەمی بەرگری شارستانی بە بینایەی وەزارەتی تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتیش هەڵدەســتێت و هەر هەمووشــی دەکرێتــە باخچەو پانتایی ســەوزایی، بەڵام بۆ ئێستا ناکرێت؟ لەبەر ئەوەیە تا ئێستا بینایەکانی دادگاو پارێــزگا تەواونەکــراون، هــەر کاتێك

## کەمپی سەلاحەدین
## کە زانکۆی دایکە
## پێویستە خەمێکی جددی
## لێ بخورێت و بچێتە
## قۆناغی جێبەجێکردنەوە

پارێــزگاو دادگاو فەرمانگەکانی تری کە لەم چاوچێوەیەدان و گوازرانەوە ئەوە پرۆژەکە دەگاتە ئەم شــوێنەش، بە تەئکید ئەمەش کاتی دەوێت، بەڵام هەر جێبەجێ دەکرێت.

*** پرۆژەی کەمپی زانکۆی سەڵاحەدین زۆر دواکەوتووەو یەکێکە لەو پێویستییە سەرەکییانەی شــاری هەولێریش، تۆ لەمبارەوە وەکو پارێزگارو خەڵکێکی هەولێر چی دەڵێیت؟**

- بۆ هەموو لایەکمان مایەی خۆشحاڵییە کە زانکۆی کۆیەو دهۆك و ســلێمانی و سۆران و شوێنەکانی تری هەرێمی کوردستان دروستکراون، بەڵام زانکۆی ســەڵاحەدین لە شــاری هەولێر کۆنترین زانکۆی کوردستانە و زانکۆی دایکە، گەرچی تائێستا شوێن و بینایەی بەپێی پێویست نییــە و چەندین ســاڵە بڕیــاردراوە کە کەمپی زانکۆی ســەڵاحەدین دروست بکرێت و چەندین ســاڵە زەویشــی بۆ تەرخانکراوە ئەو پرۆژەیە یەکێکە لە کارو پرۆژە گرنگ و ســتراتیژی و پێویستییەکانی هەولێر، گەرچی زۆر دواکەوتووە. پێویســتە خەمێکی جددی لێ بخورێت و بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.